# پڕۆسەی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە لە ساڵی ١٩٨٧ دا

## لێکۆڵینەوەیەکی بەڵگەنامەییە

**د. بورهان حاتەم عوسمان**
کۆلێژی ئاداب -بەشی مێژوو
زانکۆی سەڵاحەددین/ هەولێر
Burhan.Othman@su.edu.krd

### پێشەکی

گوندەکانی پارێزگای هەولێر، لەنێویشیاندا گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە خاوەن پێگەیەکی بەهێزی ئابووری و سیاسی بوون. لەڕووی ئابوورییەوە سەرچاوەی دابینکردنی بەروبوومی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری ناوچەکە بوون و تاڕادەیەکی زۆر ئاسایشی خۆراکیان پاراستووە. لەڕووی سیاسیشەوە پشت و پەنایەکی قایمی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد بوون. بەشێوەیەك سەرکەوتنی خەباتی هێزەکانی پێشمەرگە لەدژی حکومەت تاڕادەیەکی زۆر بەسترابووەوە بە گوندەکانەوە و سەرچاوەی سەرەکی دابینکردنی پێویستیە مرۆیی و ماددییەکانیان بووە. بۆیە بەبێ هاوکاری گوندەکان نەدەتوانرا درێژە بەو خەباتە بدرێت. حکومەتیش بیانووی سەرەکی بۆ وێرانکردنی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە هەر ئەومەسەلەیە بووە.

لێکۆڵینەوە لەبارەی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە لە ساڵی ١٩٨٧، گرنگیی زۆری هەیە، چونکە سەرباری ئەو ڕۆڵە ئابووری و سیاسییەی ئەو گوندانە گێڕاویانە، بەڵام تا ئێستا بەشێوەیەکی ئەکادیمی لای لێ نەکراوەتەوە. بایەخی لێکۆڵینەوەکە زێتر لەوەدایە بەڵگەنامەییە و زانیارییەکانی نێوی لە خودی بەڵگەنامە نهێنییە بڵاونەکراوەکانی حکومەت وەرگیراوە، کە بەوردی ژمارە و پلان و بەرنامە و چۆنییەتی و ڕۆژ و مانگ و ساڵی وێرانکردنی گوندەکانی شارۆچکەکەی

تێدا خراوەتەڕوو. هەرچەندە ئەم زانیارییە وردانە لەبارەی سەرجەم گوندەکان لەبەردەستدا نەبوون، بەتایبەتی ئەو گوندانەی کە لە قۆناغی دووەمدا وێرانکراون، بۆیە ئەمە یەکێك لەو گرفتانە بووە، کە توێژەر ڕووبەڕووی بووەتەوە. ساغکردنەوەی ناوی گوندەکانیش گرفتێکی دیکە بووە، چونکە ناوی زۆربەی گوندەکان لە بەڵگەنامە فەرمییەکانی حکومەتدا بە ڕێنووسی عەرەبی و بەشێوەی هەڵە نووسراون، بۆیە لە هەندێك کاتدا بە زەحمەت توانراوە ناوەکان بناسرێتەوە.

لەبارەی سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەکە، بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەو بەڵگەنامە فەرمییە نهێنییانەی حکومەت بەستراوە، کە تا ئێستا بڵاونەکراونەتەوە. بەشێك لە بەڵگەنامەکان لە ئەرشیفی پارێزگای هەولێر وەرگیراون و دانەی کۆپیکراویان لای توێژەر پارێزراوە، بەشێکی دیکەشیان لە کەسایەتییەکی سیاسی وەرگیراون و دانەی ڕەسەنیان لای توێژەر پارێزراوە. لە گرنگترین ئەو بەڵگەنامانەش بریتین لە بەڵگەنامەکانی پارێزگای هەولێر، کە لەگەڵ دەزگا ئەمنی و سەربازی و کارگێڕییەکانی دیکەدا ئاڵوگۆڕی پێکراوە و ڕۆژانە زانیاری لەبارەی پرۆسەی وێرانکردنی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە تێدا خراوەتەڕوو. بە هەمان شێوە بەڵگەنامەکانی قایمقامییەتی شارۆچکەی کۆیە بایەخی تایبەتییان بۆ لێکۆڵینەوەکە هەبووە. لەکاتی کاولکردنی گوندەکاندا بە بەردەوامی قایمقامییەت و لێژنەی ئەمنی کۆیە نووسراو و برووسکەیان بۆ بەرپرسانی سەرووی خۆیان کردووە و تێیدا لە بەڕێوەچوونی پرۆسەکە و دوا پەرەسەندنەکان ئاگاداریان کردوونەتەوە. جگە لەمانەش چەندین کتێب و بڵاوکراوەی حکومی لە دەروازەی لێکۆڵینەوەکەدا کەڵکی لێ وەرگیراوە.

سەبارەت بەو میتۆدەی، کە لە لێکۆڵینەوەکەدا پەیڕەوکراوە، دیارە لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوەکە بەڵگەنامەییە، بۆیە دوای خستنەڕووی بەڵگەنامەکان، میتۆدێکی ئاماری و شیکاری بەکارهێنراوە. تێیدا بایەخ بە ژمارەی گوندەکان دراوە و شیکاری بۆ بەشێك لە بەڵگەنامەکانیش کراوە.

لێکۆڵینەوەکە لە دەروازەیەك و سێ تەوەرە و ئەنجام پێکهاتووە. لە دەروازەدا بە کورتی تیشك خراوەتە سەر بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی

گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە لەنێوان ساڵانی ١٩٥٨-١٩٨٧. لە تەوەرەی یەکەمدا باس لە هۆکارەکانی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی شارۆچکەکە و دواتریش سەرەتاکانی ئەو پڕۆسەیە لە ساڵی ١٩٦٣ تا ساڵی ١٩٨٧ کراوە. تەوەرەی دووەم تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی ئەو پلان و بەرنامەیەی، کە لە کۆبوونەوەکاندا بەرپرسانی سەربازی و کارگێڕی و ئەمنی، بۆ ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکان دایانناوە. لە تەوەرەی سێیەم و کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا بەدرێژی باس لە پڕۆسەی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە لە ساڵی ١٩٨٧ دا کراوە. وەك ئەوەی حکومەت نەخشەی بۆ کێشابوو، پڕۆسەکە بە دوو قۆناغی جیا بەڕێوەچووە. قۆناغی یەکەم ماوەی نێوان (٢٠ی نیسان تا ٢٠ی ئایاری ١٩٨٧)ی خایاندووە. قۆناغی دووەمیش لە ٢١ی ئایار تا ٢٠ی تەممووزی ١٩٨٧ بەردەوام بووە. هەر لەو تەوەرەیەدا ئاماژە بە هەڵوەشاندنەوەی هەردوو شارەدێی شۆڕش و تەقتەق کراوە و ئەو پێشنیاز و بڕیارانە خراوەتەڕوو، کە بۆ وێرانکردنی هەردوو شارەدێیەکە دەرکراون، بەڵام دواتر جێبەجێ نەکراون.

سەرباری ئەو هەوڵ و ماندووبوونەی توێژەر لە بە ئەنجامگەیاندنی لێکۆڵینەوەکە، بەتایبەتی بەدەستخستنی بەڵگەنامەکان، بەڵام لێکۆڵینەوەکە وەك هەر کارنامەیەکی دیکەی ئەکادیمی لە کەموکوری بەدەر نییە، بۆیە هەرهەوڵێك بۆ پڕکردنەوەی کەلێن و کەموکورییەکان، جێگەی سوپاس و پێزانینە.

## دەروازە:
## پوختەیەک لەبارەی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە لەنێوان ساڵانی ١٩٥٨-١٩٨٧

شارۆچکەی کۆیە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق، لەنێوان هەرسێ لیوای هەولێر و سلێمانی و کەرکوکدا هەڵکەوتووە. دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی لیوای هەولێرەوە (تەیب، ٢٠٠٨، ل٢٣). لەڕووی کارگێڕییەوە تا کۆتایی سەردەمی حوکمڕانی عوسمانییەکان سەر بە سەنجقی کەرکوك بووە. دوای دامەزراندنی لیوای هەولێر لە ساڵی ١٩٢٣ شارۆچکەی کۆیە، کە لە هەردوو شارەدێی (ناوەند و تەقتەق) پێکهاتبوو، بووەتە شارۆچکەیەکی سەر بە لیواکە (محەمەد، ١٩٩٩، ل٦). ئەوەی پەیوەندی بە بارودۆخی سیاسی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە هەیە لەو ماوەیەدا، دیارە هەر لەکاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨ لە عێراقدا، گوندەکانی شارۆچکەکە بە گەرمییەوە پێشوازییان لە شۆڕشەکە کردووە (دلزار، ١٩٩٤، ل٥). دوای دەرکردنی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ژمارە (٣٠)ی ساڵی ١٩٥٨ جووتیاران سوودمەند بوون و بەشێکیان بۆ یەکەم جار بوونە خاوەن زەوی (عثمان، ٢٠١٩، ل٤٦-٤٨). هەر لە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ گوند و ناوچەکانی شارۆچکەی کۆیە بەشداری چالاکانەیان لە شۆڕشەکەدا کرد (صاڵح، ٢٠٠٨، ل٦١)، بەم هۆیەشەوە لەلایەن حکومەتەوە زیانی گەورە بە گوندەکان گەیەندرا. دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ی نێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد، بۆ ماوەیەك ئاشتی و سەقامگیری بۆ ناوچەکانی کوردستان لەنێویشیاندا گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە گەڕایەوە و بەشێك لە دانیشتوان توانییان بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. بەڵام لە ساڵی ١٩٧٤ دا جارێکی تر شەڕ دەستیپێکردەوە و ناوچەکە ڕووبەڕووی نائارامی بوویەوە (صاڵح، ٢٠٠٨، ل١٠٠-١٠٦). دوای دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە ساڵی ١٩٧٦ تا ناوەڕاستی هەشتاکان گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە بوونە شوێنی چالاکییەکانی شۆڕش و حەوانەوەی پێشمەرگەی سەرجەم لایەن و پارتە سیاسییەکان.

سەبارەت بە ڕەوشی ئابووری گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە لەو ماوەیەدا. دیارە کۆڵەگەی سەرەکی ئابووری گوندەکان کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بووە. بەگوێرەی

ئامارە فەرمییەکان لە ساڵی ١٩٥٨ دا ڕووبەری زەوییە کشتوکاڵییەکانی شارۆچکەی کۆیە (١٨٦٤٦٢) دۆنم بووە. ئەمە لە کۆی (٢٣٩٣٩٠٣) دۆنم ڕووبەری زەوییە کشتوکاڵییەکانی لیوای هەولێر، واتە زەوییە کشتوکاڵییەکانی ڕێژەی (٧،٧%)ی لیواکەی پێکهێناوە. لە گوندەکاندا چەندین جۆری بەروبوومی کشتوکاڵی بەرهەمهاتووە، بەتایبەتی توتن و گەنم و جۆ و داری بەرداری وەك هەنجیر و سێو و هەنار و ترێ. بەگوێرەی هەمان ئاماری پێشوو لە ساڵی ١٩٥٨ ڕووبەری (١٧٧٥) دۆنم لە شارۆچکەی کۆیەدا کراوەتە توتن و بەرهەمەکەشی (٢٨٢) تەن بووە، کە دەکاتە (٢٩،٩%)ی بەرهەمی توتنی لیواکە، ئەمەش لەدوای شارۆچکەی ڕەواندز بەرزترین ڕێژەی بەرهەمهێنانی توتن بووە لە لیواکەدا. هەر لە هەمان ساڵدا ڕووبەری (٤٢٢٠٠) دۆنم لە شارۆچکەکەدا کراوەتە گەنم و بەرهەمەکەی (٣٥٨٦) تەن بووە و ڕێژەی (٥،٥%)ی بەرهەمی گەنمی لیواکەی پێکهێناوە، بەرهەمی جۆش (١٩٧٠) تەن بووە و ڕێژەی (٥،٧%)ی لیواکەی پێکهێناوە. سەبارەت بە دارە بەردارەکانیش ژمارە و ڕێژەیان بەم شێوەیە بووە: ژمارەی دار هەنجیر (١٣٩٧٧) دار بووە و ڕێژەی (١٨،١%)ی لیواکەی پێکهێناوە، ژمارەی دار سێویش (٧٨٤٥) دار بووە و ڕێژەی (٢٠،٦%)ی لیواکەی پێکهێناوە. هەروەها ژمارەی دار هەناریش (٣٢٠٢٦) دار بووە و ڕێژەی (١٧%)ی لیواکەی پێکهێناوە (الجمهورية العراقية، ١٩٦١، ص٧٧، ٨١- ٨٢، ٨٤). ئەمە جگە لە بوونی چەندین جۆری دیکەی میوە و سەوزە، کە لە گوندەکاندا چاندراوە.

جگە لە لایەنی کشتوکاڵی، ئاژەڵداریش بەشێکی دیکەی گرنگی ئابووری گوندەکانی شارۆچکەکە بووە. بەگوێرەی ئاماری کشتوکاڵی ساڵی ١٩٥٨ چەندین جۆری ئاژەڵی وەك مەڕ و ماڵات و ڕەشەوڵاخ بەخێوکراوە. وەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە (عثمان، ٢٠١٩، ل٣٥٦):

| یەکەی کارگێڕی | مەڕ | بزن | مانگا | گامێش |
|---|---|---|---|---|
| ناوەندی شارۆچکەی کۆیسنجەق | ١١١٠٠ | ١٩٩٨١ | ٣٩٤١ | ٣٧ |
| شارەدێی تەقتەق | ٩٨٥٤ | ١٣٢٢٥ | ٢٧٦٠ | ٧٩ |
| کۆی گشتی | ٢٠٩٥٤ | ٣٣٢٠٦ | ٦٧٠١ | ١١٦ |

وەك لە خشتەکەدا دەردەکەوێت، زۆرترین ئاژەڵ، کە لە شارۆچکەکەدا بەخێوکراوە بزن بووە، کە (٣٣٢٠٦) سەر بووە. دواتر مەڕ، کە (٢٠٩٥٤) سەر بووە. جێگەی ئاماژەپێدانە شارۆچکەکە لەدوای شارۆچکەی ناوەندی هەولێر، زۆرترین ژمارەی (گامێش)ی لەسەر ئاستی لیوای هەولێردا تێدا بەخێوکراوە، بەتایبەتی لە شارەدێی تەقتەق. وێڕای ئەمانە، شارۆچکەکە دەوڵەمەند بووە بە سامانی پەلەوەر، یەکێك لە گرنگترین پڕۆژەکانیش لەو بوارەدا پڕۆژەی کێڵگەی پەلەوەری تەقتەق بووە، کە بە بڕی (٤) ملیۆن و (٢٢٢) هەزار دینار دامەزراوە، داهاتی ساڵانەی بەرهەمهێنانی (٢) ملیۆن و (٨٢٠) هەزار جووجەڵە بووە. هەروەها یەکێك لە سەرچاوە سەرەکییەکانی دابینکردنی هێلکە بووە بۆ شار و ناوچەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك و موسڵ و کەرکوك و شەرگات (المنشأة العامة لدواجن المنطقة الشمالية، ١٩٨٧/٩/١٣؛ محافظة اربيل - اللجنة الامنية، ١٩٨٨/٦/٢).

سەبارەت بە ڕەوشی کۆمەڵایەتی و دانیشتوانەوە، دەکرێت لەڕێگەی هەندێك سەرژمێریی دانیشتوان بارودۆخەکە ڕوونبکرێتەوە. بەگوێرەی ئاماری فەرمی ساڵی ١٩٥٧ ژمارەی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە (١٤٩) گوند بووە، (٨٤) گوند کەوتوونەتە شارەدێی ناوەندی کۆیسنجەق و (٦٥) گوندیش لە شارەدێی تەقتەق. ژمارەی دانیشتوانی گوندەکانیش (٢٧٢١٥) کەس بووە، کە (١٣٥٠٩) نێر و (١٣٧٠٦) مێ بووە (الجمهورية العراقية، د. س، ص٢٥٠-٢٥٦). لەڕووی پێکهاتەی نەتەوەییەوە بەگوێرەی ئاماری ساڵی ١٩٦٥ ژمارەی دانیشتوانی شارۆچکەی کۆیە (٤٥٠٧٦) کەس بووە، ژمارەی کورد (٣٨٣٦١) کەس و ژمارەی عەرەب (٦٦٩٣) کەس و ژمارەی کلدان و سریان (١٦) کەس و ئاشووری (٤) کەس و تورکمان (٢) کەس بووە (خصباك، ١٩٧٣، ص١٣٢-١٣٤). لەڕووی پێکهاتەی ئایینیشەوە بەگوێرەی ئاماری ساڵی ١٩٦٥ (٤٤٥٠٥) کەس موسڵمان و (٣٠٠) کەس مەسیحی و (٤) جوولەکە و (٣) ئێزیدی و (٢) سابیئە هەبووە (الجمهورية العراقية، ١٩٧٣، ص٤٥٤-٤٥٧). بەگوێرەی ئاماری ساڵی ١٩٧٧ ژمارەی دانیشتوانی شارۆچکەی کۆیە (٤٨١٤٧) کەس بووە، ژمارەی شارنشینەکان (١٧١٠٩) کەس بووە، کە (١٥٣١٩) کەس کەوتوونەتە ناوەندی شارۆچکەکە و (١٤٧٧) کەس لە شارەدێی تەقتەق و (٣١٣) کەسیش لە

شارەدێی شۆڕش بووە. ژمارەی گوندەکان (١٤٥) گوند بووە، ژمارەی گوندنشینەکانیش (٣١٠٣٨) کەس بووە، کە (٩٠٤٣) کەس لە ناوەندی شارۆچکەکە و (١٤١٣٠) کەس لە شارەدێی تەقتەق و (٧٨٦٥) کەس لە شارەدێی شۆڕش نیشتەجێ بوون (الجمهورية العراقية، ١٩٧٨، ص٤-٦). واتە ڕێژەی گوندنشین لە شارۆچکەکە (٦٤،٤%) بووە، بەمەش زۆرینەی دانیشتوانی شارۆچکەکە نیشتەجێی گوندەکان بوون.

خزمەتگوزارییە گشتییەکانی وەك خوێندن و تەندروستیش بەشێکی دیکەی لایەنی کۆمەڵایەتی شارۆچکەی کۆیە بوو. لە ساڵی ١٩٧٧ ژمارەی قوتابخانەکانی شارۆچکەکە (٧٩) قوتابخانە بووە، کە (٥٣) قوتابخانە لە گوندەکاندا بووە. بەمەش نزیکەی (٦٥%)ی گوندەکان قوتابخانەی لێ نەبووە. ڕەوشی تەندروستی گوندەکانیش لەبارێکی نالەباردا بووە و زۆربەی هەرە زۆریان بنکەی تەندروستییان تێدا نەبووە، بۆیە چەندین نەخۆشی بڵاوبووەتەوە و خەڵکی لەڕێگەی پزیشکی میللی و سروشتییەوە چارەسەریان کردوون (حويزى، ١٩٨٤، ل٢٣٠-٢٣١).

## تەوەرەی یەکەم:
## هۆکارەکان و سەرەتاکانی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە

### ١- هۆکارەکانی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە

لە سەرەتادا پێویستە پێناسەی هەردوو چەمکی ڕاگواستن و وێرانکردن بکەین و ئاماژەیەکی خێرا بە قۆناغەکانی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان بدەین. ڕاگواستن بە مانای گواستنەوە و گۆڕینی شوێنی جوگرافی بە زۆرەملێ دێت، ئەمەش لەڕێگەی بەکارهێنانی تۆقاندن و فشارخستنەسەر و بەکارهێنانی هێزەوە، کە گۆڕینێکی هەمیشەیی لە شوێنی نیشتەجێبوون و ماڵی ئاسایی لە یەکەیەکی جوگرافی بۆ یەکەیەکی جوگرافیی دیکە لە خۆبگرێت، هەرچی وێرانکردنە مەبەست لێی تێکدان و خاپوورکردن و هەندێك جار سووتاندنی شوێنێکی دیاریکراوە، جا ئەمە خانوویەکی ئاسایی یا شوێنێکی پیرۆز یا باڵەخانە و دام ودەزگا بێت (عەبدوڵڵا، ١٩٩٩، ل٤).

چەندین هۆکار لە پشت ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیەدا بووە، کە حکومەت وەك بیانوویەك بەکاری هێناون بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکە. لەپێش هەمووشیانەوە هاوکاریکردن و حەواندنەوەی گوندەکان بۆ هێزەکانی پێشمەرگە. بەشێوەیەك لە زۆربەی هەرە زۆری بەڵگەنامە نهێنییەکانی دەزگا ئەمنی و سەربازی و کارگێڕییەکانی حکومەتدا، لەکاتی ڕووخانی گوند و شارۆچکەکاندا ئاماژە بە بوونی هێزەکانی پێشمەرگە کراوە، کە بوونەتە شوێنی حەوانەوە و دابینکردنی خۆراك و خواردەمەنیان و سەرچاوەی مەترسی بۆ سەر هێزەکانی حکومەت. بۆ نموونە لەبارەی هۆکاری بڕیاری وێرانکردنی شارۆچکەی تەقتەق لە نووسراوێکی نهێنی پارێزگای هەولێر لە ١٥ی ئەیلوولی ١٩٨٧ دا ئاماژە بەوە کراوە، لەبەرئەوەی ناوچەکە بووەتە وێستگەیەکی پشوودان و حەسانەوەی پێشمەرگەکانی دەشتی کۆیە و بەستی شەڵغە و دەشتی هەولێر، بۆیە پێشنیازی ڕووخاندنی شارۆچکەکەیان بۆ بەرپرسانی سەرووی خۆیان کردووە (محافظة اربيل- اللجنة الامنية، ٩/١٥/ ١٩٨٧). لەبارەی هۆکاری بڕیاری وێرانکردنی شارۆچکەی شۆڕش (دێگەڵە)ش لە نووسراوێکی نهێنی فەیلەقی (٥)ی سوپای عێراق، کە ئەرکی پاراستنی ناوچەکەی لە ئەستۆدا بووە، لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٧ دا ئاماژە بەوە کراوە، لەبەرئەوەی شارۆچکەی دێگەڵە کەوتۆتە ناوچەیەکەوە بووەتە مایەی هەڕەشەی پێشمەرگە بۆ سەر سوپا، لەلایەکی دیکەوە لەڕووی سەربازییەوە هیچ سوودێکی لێ نابینرێت، بۆیە پێشنیازی ڕووخاندنی شارۆچکەکەیان بۆ پارێزگای هەولێر کردووە (الفيلق الخامس، ١٠/١٠/ ١٩٨٧، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە ١). هەروەها لە نووسراوێکی دیکەی نهێنی بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخستنی هەواڵگری ناوچەی باکوور (مديرية منظومة استخبارات المنطقة الشمالية)، کە لە ١٦ی تشرینی دووەمی ١٩٨٧ ئاراستەی پارێزگای هەولێر کراوە، هاتووە: "پشتگیری لە وێرانکردنی شارۆچکەی شۆڕش دەکەین، لەبەرئەوەی بە بەردەوامی تێکدەرەکان هاتوچۆی شارۆچکەکە دەکەن و ڕۆژانە لە نزیکییەوە بازگە دادەنێن تا دەسەڵاتی هێزە سەربازییەکانمان لەوێدا لاواز بکەن. شارۆچکەی ناوبراو یەکێکە لە سەرچاوەکانی هێزە تێکدەرەکان بۆ بەدەستهێنانی کەرەستەی

خواردەمەنی و پێداویستییەکانی دیکەیان" (منظومة استخبارات المنطقة الشمالية، ١٦/ ١١/ ١٩٨٧، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە ٢).

یەکێکی دیکە لە هۆکارە گرنگەکانی ڕاگواستنی گوندەکانی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە نەوت بووە، بەشێوەیەك حکومەت هەوڵیداوە کورد لە ناوچە نەوتییەکانی کوردستان ڕاگوێزێت و دووریان بخاتەوە، چونکە پێی وابووە بەم هەنگاوە مەترسییەکانی کورد لەسەر پاشەڕۆژی عێراق کەمدەکاتەوە و نایهێڵێت. بۆیە زۆربەی هەرە زۆری ناوچە نەوتییەکانی کوردستان بەر سیاسەتی کۆچپێکردنی زۆرەملێ کەوتوون، لەوانەش ناوچەکانی شارۆچکەی کۆیە. لە شارەدێی تەقتەق سێ چاڵگەی گەورەی نەوت هەبوون، کە دەکەوتنە ناوچەی (شیوە سوور) بە دووری (١٠) کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای باشووری شاری کۆیە، درێژی چاڵگەکان (٢٠) کیلۆمەتر و پانییەکەشی (٧) کیلۆمەتر بووە، بە یەکێك لە باشترین جۆری نەوتی ئەوکاتی جیهان دادەنرا (مینە، ٢٠١٢، ل١٦٦، ١٧١). ئەمە جگە لەوەی ناوچەکە چەندین جۆری دیکەی سامانی کانزایی تێدا بووە، وەك (مەگنەتایت و گۆگرد و گەچ و بەردی کلس) (مینە، ٢٠١٢، ل١٧٢؛ عثمان، ٢٠١٩، ل١٥١). وێڕای ئەمانە چەندین هۆکاری دیکە هەبوون. لەوانەش: سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەی کورد و گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە. هەروەها وێرانکردنی هەردوو کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لە گوندەکان، کە بڕبڕەی پشتی ئابووری کوردستان بوو.

## ٢- ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە لەنێوان ساڵانی ١٩٦٣-١٩٨٧

ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان بەسەر سێ قۆناغی مێژووییدا دابەش دەبێت: قۆناغی یەکەم لەنێوان ساڵانی ١٩٦٣-١٩٧٣، کە لە سەرەتای ئەم قۆناغەدا بەشێك لە گوندەکانی شارۆچکەی کۆیەی گرتەوە. بۆ نموونە لە هاوینی ساڵی ١٩٦٣دا لە ئەنجامی پەلاماری حەرەس قەومییەکان ژمارەیەك گوندی شارۆچکەی کۆیە سووتێنران لەوانەش (تۆبزاوە و هەرمۆتە و سماقووڵی گەلی و عەودالان) (بڕوانە: دلزار، ١٩٩٤، ل٥٥-٥٦؛ کۆیی، ٢٠٠٩، ل١٨٩٣-١٨٩٦). قۆناغی

دووەم لەنێوان ساڵانی (١٩٧٤-١٩٧٩)، کە زێتر لە ناوچە سنوورییەکانی وەك (باڵەك و مێرگەسۆر و بارزان و ناودەشت و هەڵەبجە و زاخۆ)دا بەڕێوەچوو. لەم قۆناغەدا گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە بەر ڕاگواستن و کاولکردن نەکەوتن، بەڵکو ئۆردوگای زۆرەملێی لێ دروستکرا، کە حکومەت ناوی نابوون بە (گوندی هاوچەرخ) و کرانە شوێنێك بۆ نیشتەجێکردنی ڕاگوێزراوەکانی ناوچەکانی دیکە. لەم چوارچێوەیەشدا لە ساڵی ١٩٧٨ ئۆردوگای شۆڕش (دێگەڵە) لەسەر جادەی سەرەکی هەولێر- کۆیە دروستکرا و بەشێك لە ڕاگوێزراوانی عەشیرەتی (برادۆست)ی لێ نیشتەجێکرا (قادر و جامباز، ٢٠١٣، ص٢٢٢؛ مینە، ٢٠١٢، ل١٨٨). قۆناغی سێیەم نێوان ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٩) دەگرێتەوە، کە ئەم قۆناغە مەترسیدارترین و بەزەبرترین قۆناغی وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان بووە. لەم قۆناغەدا حکومەتی عێراق شەڕکردنی لەگەڵ ئێران کردە بیانوویەك بۆ کاولکردنی تەواوی گوندەکانی کوردستان، بەشێوەیەك لەو قۆناغەدا (٢٧٧٦) گوند لە سەرتاسەری کوردستاندا وێرانکران (عەبدوڵڵا، ١٩٩٩، ل٩-١٠)، کە گوندەکانی شارۆچکەی کۆیەش لەو چوارچێوەیەدا بوون.

لە دوای هاتنە سەر کاری سەددام حوسێن وەك سەرۆك کۆماری عێراق لە ساڵی ١٩٧٩، دەستیکرد بە پیادەکردنی سیاسەتی ڕاگواستن، کە سەرەتاش لە ساڵی ١٩٨٠زیاتر لە (١٢٠) هەزار کوردی فەیلی لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بەرەو سنووری ئێران ڕاگواست. دواتر ناوچەکانی کوردستانیشی گرتەوە، لەوانەش هەردوو شارەدێی (بیارە و تەوێڵە) لە پارێزگای سلێمانی. لە پارێزگای هەولێریش دوو گوندی سەر بە شارەدێی تەقتەق و چەند گوندێکی سەر بە شارۆچکەی مەخمور و ناوچەی باڵەکایەتی ڕاگوێزران (محەمەد، ٢٠٠٤، ل١٣٤-١٣٥؛ مینە، ٢٠١٢، ل١٧٧). بەم شێوەیەش هەر لە سەرەتای ڕاگواستندا گوندەکانی شارۆچکەی کۆیەی گرتەوە.

لە ساڵی ١٩٨٥ حکومەت بەشێوەیەکی بەرفراوان دەستیکرد بە کاولکردنی گوندەکانی کوردستان. بەتایبەتی ئەو گوند و ناوچانەی، کە دەکەوتنە سەر جادە سەرەکییەکانی نێوان شارەکان و مەترسی ئەوەیان هەبوو هێزی پێشمەرگە بۆ بۆسەدانانەوە و شەڕ سوودی لێ ببینێت. بۆیە زۆربەی گوندەکانی سەر جادە

سەرەکییەکان ڕاگوێزران و وێرانکران. لەوانەش گوندەکانی سەر جادەی گشتی هەولێر-کۆیە (مینە، ٢٠١٢، ل١٩٥). لەم چوارچێوەیەشدا (١٧) گوند لە شارۆچکەی کۆیە ڕاگوێزران و کاولکران (محەمەد، ٢٠٠٤، ل١٣٨). لەو ماوەیەدا بەهۆی شەڕ و پێکدادان لەنێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای حکومەت لە بەشێك لە گوندەکاندا، کە هێزەکانی حکومەت زیانی زۆریان بەرکەوت، بۆیە لە ئەنجامی نائارامی ناوچەکەدا بەشێك لە دانیشتوانی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە ناوچەکانی خۆیان جێهێشت. لە نووسراوێکی نهێنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگای هەولێر، کە لە ٨ی نیسانی ١٩٨٥ دا ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر کراوە، ئاماژە بەوە دراوە، کە ژمارەیەك مامۆستای هەردوو شارەدێی شۆڕش و تەقتەق لە شارۆچکەی کۆیە، سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێریان کردووە و ئاگاداریان کردوونەتەوە بەهۆی چۆڵکردنی بەشێك لە گوندەکان ناتوانن دەوام لە قوتابخانەکانیاندا بکەن (المديرية العامة للتربية في محافظة اربيل، ٨/٤/ ١٩٨٥). بۆیە دوای بەدواداچوونی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر لە نووسراوێکی نهێنیدا لە ١٦ی نیسانی ١٩٨٥ دا ئاماژەی بەوە کردووە، کە دانیشتوانی هەریەك لە گوندەکانی (سماقوڵی گرتك، سماقوڵی سەروچاو، سماقوڵی گەلی، کرۆژ، سکتان)، گوندەکانی خۆیان جێهێشتووە و چۆڵ بوونە و تەنیا شوانی مەڕ و ماڵاتی لێ ماوە (مديرية أمن محافظة اربيل، ١٦/٤/ ١٩٨٥).

لە سەرەتای مانگی ئابی ١٩٨٥ دا زۆربەی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە خرانە چوارچێوەی ناوچەی قەدەغەکراوی ئەمنی و کارگێڕی، بۆیە حکومەت خزمەتگوزارییە گشتییەکانی لەو گوندانەدا بڕی. لە نووسراوێکی نهێنی لێژنەی ئەمنی کۆیە، کە لە ٨ی ئابی ١٩٨٥ دا ئاراستەی پارێزگای هەولێر- لێژنەی ئەمنی کراوە، تیایدا لیستی ناوی (٨٠) گوندی شارۆچکەی کۆیە هاتووە، کە پێشمەرگەی تێدا بووە، بۆیە کەرەستەی خواردەمەنییان لێ بڕدراوە (اللجنة الامنية في كويسنجق، ٨/٨/ ١٩٨٥). هەروەها هەموو ئەو بریکارانەی خۆراك، کە بەعسی نەبوون و خزم و کەسوکاریان لە پلەی یەکەم و دووەم لەنێو ڕیزەکانی پێشمەرگەدا هەبووە، بریکارەکانیان هەڵوەشێندراوەتەوە. بەگوێرەی نووسراوێکی نهێنی لێژنەی ئەمنی

کۆیە لە ٣ی تشرینی دووەمی ١٩٨٥ بەم هۆیەوە (١١) بریکاری کەرەستەی خواردەمەنی لە شارۆچکەکەدا هەڵوەشێندراونەتەوە (اللجنة الامنية في كويسنجق، ١١/٣/ ١٩٨٥). سەبارەت بە قوتابخانەکانیش بەگوێرەی بروسکەیەکی نهێنی و بەپەلەی پارێزگای هەولێر- لێژنەی ئەمنی بۆ نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور (مكتب تنظيم الشمال) لە ١٦ی تشرینی دووەمی ١٩٨٥ دەوامی (٧١) قوتابخانە لە گوندەکانی شارۆچکەکەدا تا کاتێکی نادیار ڕاگیراوە. هەروەها (٤) بنکەی تەندروستیش لە گوندەکان داخراون (محافظة اربيل-اللجنة الامنية، ١٦/١١/ ١٩٨٥). بۆ خوێندنی ساڵی ١٩٨٦ بە هەمان شێوە خوێندن لە سەرجەم قوتابخانەکانی گوندەکانی شارۆچکەکە ڕاگیراوە (محافظة اربيل-اللجنة الامنية، ١٣/٣/ ١٩٨٦). بەم شێوەیە لە ساڵی ١٩٨٦ سەرجەم گوندەکانی سەر بە شارۆچکەی کۆیە بوونەتە ناوچەی قەدەغەکراوی ئەمنی و خزمەتگوزارییە گشتییەکانیان لێ وەستێندراوە.

لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٨٦ دا حکومەت دەستیکرد بە ئامادەکاری بۆ هەڵکوتانەسەر ئەو گوندانەی شارۆچکەی کۆیە، کە لەژێر کاریگەری هێزەکانی پێشمەرگە بوون و حکومەت دەسەڵاتی بەسەریانەوە نەمابوو. بۆیە لە نووسراوێکی نهێنی بارەگای فەرماندەیی هێزەکانی (٤١) لە ١١ی شوباتی ١٩٨٦ دا، کە ئاراستەی پارێزگای هەولێر کراوە، تیایدا داواکراوە ناوی ئەو گوندانەیان بۆ بنێرن، کە لەژێر کاریگەری هێزەکانی پێشمەرگەن و پێویستە پەلامار بدرێن و هێرش بکرێتە سەریان. پارێزگاش ناوی (١٣٨) گوندی شارۆچکەی کۆیەی بۆ فەرماندەییەکە ناردووە، کە (٤٩) گوند سەر بە شارەدێی ناوەندی قەزا و (٤١) گوند سەر بە شارەدێی شۆڕش و (٤٨) گوند سەر بە شارەدێی تەقتەق بوون (مقر قيادة قوات/ ٤١، ١١/٢/ ١٩٨٦).

## تەوەرەی دووەم:
## پلان و بەرنامەی وێرانکردنی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە لە ساڵی ١٩٨٧

حکومەتی عێراق لە سەرەتاکانی ساڵی (١٩٨٧)ەوە، کەوتە دانانی پلانێکی سەرتاپاگیر بۆ ڕاگواستن و کاولکردن و سووتاندنی گوندەکانی کوردستان، لەنێویشیاندا گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە. ئەم ماوەیە هاوکات بوو لەگەڵ پەرەسەندنی چالاکییە سەربازییەکانی هێزەکانی پێشمەرگە لەدژی حکومەت لە شارۆچکەکەدا. بۆیە لە چەندین بەڵگەنامەی نهێنی دەزگا ئەمنی و سەربازی و کارگێڕییەکانی حکومەت و حزبی بەعسدا ئاماژە بە مەترسی چالاکییەکانی پێشمەرگە کراوە. لە نووسراوێکی نهێنی سەرکردایەتی لقی هەولێری حیزبی بەعس، کە لە ١٧ی شوباتی ١٩٨٧ ئاراستەی پارێزگای هەولێر-لێژنەی ئەمنی کراوە، ئاماژە بەوە کراوە، کە لە شەوی ٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩٨٧ کۆمەڵێك پێشمەرگە چوونەتە گوندی دێگەڵە لە شارەدێی شۆڕش و بەسەر ماڵەکاندا دابەشبوون و نانیان خواردووە. لەبارەی قەبارەی هێزە سەربازییەکانی ئەوێ لە خەڵکی گوندەکەیان پرسیوە، بۆیە لە نووسراوەکەدا هاتووە کە "زانیارییەکان بەڵگەنە لەسەر ئەوەی، کە تێکدەرەکان نیازی ئەوەیان هەیە پەلاماری شارەدێی شۆڕش بدەن" (حزب البعث العربي الاشتراكي القطر العراقي- قيادة فرع اربيل، ٢/١٧/ ١٩٨٧). هەروەها لە بروسکەیەکی نهێنی و بەپەلەدا لە ١٧ی ئاداری ١٩٨٧ لێژنەی ئەمنی پارێزگای هەولێر فەیلەقی (١) و فەیلەقی (٥)ی سوپای ئاگادارکردووەتەوە، لە هێرشێکی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ سەر شارۆچکەی کۆیە (اللجنة الامنية في محافظة اربيل، ٣/١٧/ ١٩٨٧). لە بروسکەیەکی دیکەی بەپەلەی پارێزگای هەولێر لە ٢٣ی ئاداری ١٩٨٧ بۆ وەزارەتی ناوخۆ، باس لەوە کراوە، کە لە شەوی ٢٢ی ئاداردا ڕەبییەکانی نزیك جادەی گشتی نێوان شارەدێی شۆڕش- کۆیە و گوندی گۆمەتاڵ لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە بە چەکی ئاربیجی و نارنجۆکی دەستی هێرشیان کراوەتە سەر و (٧) جاش کوژراون، کە سەر بە فەوجی (١٩) بوون. چەك و تەقەمەنی و بەڵگەنامە و کەلوپەلەکانی نێو ڕەبییەکەش دەستیان بەسەرداگیراوە (محافظة اربيل - الشؤون الداخلية، ٣/٢٣/ ١٩٨٧).

پلان و بەرنامەی ڕاگواستن و تێکدانی گوندەکانی کوردستان لەنێویشیاندا گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە، ڕاستەوخۆ لەلایەن (عەلی حەسەن مەجید)ی ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی بەعسەوە سەرپەرشتی کراوە و نەخشەی بۆ کێشراوە. ئەمەش دوای ئەوەی نێوبراو بەگوێرەی بڕیارێکی (سەددام حوسێن)ی سەرۆك کۆماری عێراق و سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی حیزبی بەعس لە ٢٩ی ئاداری ١٩٨٧ کرایە بەرپرسی هەموو ناوچەکانی کوردستان و نوێنەرایەتی حیزبی بەعسی دەکرد بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی حیزبەکە لەو ناوچانەدا، بەشێوەیەك کە سەرجەم دەزگا مەدەنی و ئەمنی و سەربازییەکانی ناوچەکە دەبوو بڕیار لەو وەربگرن (الخرسان، ٢٠٠١، ص٨١٧).

بۆ دانان و خستنەڕووی بەرنامەی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی پارێزگای هەولێر و دهۆك لەنێویشیاندا گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە لە ١٣ی نیسانی ١٩٨٧ دا کۆنگرەیەك لە بارەگای فەیلەقی (٥)ی سوپا بەسەرپەرشتی لیوا ڕوکن (طالع خلیل ارحیم)ی فەرماندەی فەیلەقی (٥) بەسترا. لەو کۆنگرەیەدا زۆربەی بەرپرسە سەربازی و حیزبی و کارگێڕییەکانی پارێزگای نەینەوا و هەولێر و دهۆکی حیزبی بەعس تێیدا بەشداربوون. لەوانەش (لیوا عبد سلمان حمندی/ ڕازگر (امین سر)ی لقی عموریەی سەربازی، ڕازگری لقی حزبی بەعس لە هەریەك لە پارێزگاکانی نەینەوا و هەولێر و دهۆك، پارێزگارەکانی هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك، جێگری پارێزگاری نەینەوا، بەڕێوەبەری ئەمنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، بەڕێوەبەری ئەمنی پارێزگای نەینەوا، بەڕێوەبەری ئەمنی پارێزگای هەولێر، بەڕێوەبەری ئەمنی پارێزگای دهۆك، فەرماندەی فیرقەی ٢٣، فەرماندەی فیرقەی ٣٣، فەرماندەی هێزەکانی/ ٣٨، فەرماندەی هێزەکانی/٤٥). لە سەرەتای کۆنگرەکەدا فەرماندەی فەیلەقی (٥) ئاماژەی بەوە داوە کە پلانی تێکدان و وێرانکردنی گوندەکان بۆ گەڕانەوەی ئارامی و ئاسایشە لە ناوچەکانی کوردستان و کۆتایی هێنانە بە کاری تێکدەرانە بۆ تا هەتایە. پاشان دەستنیشانی ئەو گوندە قەدەغەکراوە ئەمنیانە کراوە، کە پێویستە لەپێشەوە ڕابگوازرێن، هەروەها تاوتوێی ڕێکار و پێداویستی و بەرنامەی کاری بەرپرسیارێتی فەیلەقی (٥) بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی ڕاگواستن کراوە. دواتر فەرماندەی فەیلەقی (٥)

بەگوێرەی بڕیار و ڕاسپاردەکانی (عەلی حەسەن مەجید)ی ڕازگری نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور نەخشە و قۆناغەکانی پرۆسەی ڕاگواستنی گوندەکانی دیاریکردووە، کە بەم شێوەیە بووە:

١- لە ١١ی نیسان تا ٢٠ی نیسانی ١٩٨٧ قۆناغی ئاراستەکردن و هۆشیارکردنەوەی گوندنشینەکانە، بەشێوەیەك ئەو تێگەیشتنەیان لا دروست بکرێت، کە ڕاگواستنیان لە گوندەکانەوە بۆ کۆمەڵگاکان لە بەرژەوەندیی ئەوانە و زیانیان بەرناکەوێت. بۆ ئەو مەبەستەش لێژنەی ئەمنی کۆیە چەندین کۆڕ و کۆبوونەوەیان لەگەڵ گوندنشینەکانی شارۆچکەکەدا کردووە. بۆنموونە لە ١٦ی نیساندا لەگەڵ دانیشتوانی گوندەکانی (شێخەلوان، گۆپتەپە، تەکەور) کۆبوونەتەوە (قائمقامية قضاء كويسنجق، ١٦/٤/ ١٩٨٧، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە ٣).

٢- لە ٢١ی نیسان تا ٢٠ی ئایاری ١٩٨٧ قۆناغی یەکەمی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانە، کە بەپێی پلانەکە (٢٦) گوندی شارۆچکەی کۆیە، (١٥) گوند لە ناوەندی قەزا و (٤) گوندی شارەدێی شۆڕش و (٧) گوندی شارەدێی تەقتەق دەبێ لەو قۆناغەدا وێران بکرێن.

٣- لە ٢١ی ئایار تا ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٨٧ قۆناغی دووەمی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانە. ئەرکی بەرپرسیارێتی جێبەجێکردنی پلانەکەش خراوەتە ئەستۆی فەرماندە سەربازییەکان. بەشێوەیەك ڕاگواستن و وێرانکردنی هەر کۆمەڵە گوندێك لەژێر سەرپەرشتی فەرماندەیەکی سەربازیی دیاریکراودا جێبەجێ بکرێت. بۆ نموونە وێرانکردنی گوندەکانی پارێزگای هەولێر لەنێویشیاندا گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە لەژێر سەرپەرشتی فەرماندەی فیرقەی (٢٣) و فەرماندەی فیرقەی (٣٣) و فەرماندەی هێزەکانی/٤٥ و فەرماندەی بەرگری نیشتمانی/٥ بووە. ئەمە لەگەڵ دابینکردنی پێداویستییە ئەندازەییەکانی وەك شۆفڵ و بلدۆزەر و ناقیلە لەکاتی جێبەجێکردنی پلانەکەدا (قيادة الفيلق الخامس، ٢١/٤/ ١٩٨٧، ص١-٢).

هەر لەو کۆنگرەیەدا فەرماندەی فەیلەقی (٥) چەندین ڕێنمایی بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە خستووەتەڕوو. لەوانەش پێویستە جێبەجێکردنی قۆناغی

یەکەمی پلانەکە لەو گوندانەوە دەست پێبکات، کە لە ناوەندی شارەکان و ڕێگا سەرەکییەکانەوە نزیکن، ئەمەش لەبەر ئەم هۆکارانە:

١- ئەو گوندانە لە ناوەندی شارەکان و ڕێگا سەرەکییەکان نزیکن و مایەی مەترسین.

٢- وێرانکردنی ئەو گوندانە وادەکات کە هێزەکانی پێشمەرگە لە شارەکان دووربخرێنەوە.

٣- وێرانکردنیان پێویستی بە پرۆسەی سەربازی گەورە نییە، چونکە ژمارەی پێشمەرگەی تێدا کەمە و ئەوان لە قووڵایی گوندەکاندا ژمارەی زیاتریان هەیە.

٤- بەهۆی نزیکی گوندەکانەوە، دەکرێت بە کەمترین هێزی سەربازی زۆرترین گوند ڕابگوازرێن (قیادة الفیلق الخامس، ٤/٢١/ ١٩٨٧، ص٣).

٥- ڕاگواستنی گوندە نزیك شارەکان کاریگەری دەروونی لەسەر هێزەکانی پێشمەرگە دەبێت لە گوندە دوورەکان و لەوانەیە ببێتە مایەی ئەوەی ژمارەیەك لەوان بگەڕێنەوە نێو ڕیزەکانی حکومەت. لەلایەکی دیکە فەرماندەی فەیلەقی ناوبراو ئاماژەی بەوە کردووە پێویستە لە قۆناغی یەکەمدا هەوڵ بدرێت زۆرترین ژمارەی گوند ڕابگوازرێن. لە قۆناغی دووەمدا زیاتر جەخت لەو گوندانە بکرێتەوە، کە پێویستییان بە هێزی سەربازیی زیاتر و کاری هاوبەشی نێوان فەیلەقی (٥) و فەیلەقی (١) هەیە. هەروەها فەرماندەکە باسی لەوە کردووە، کە چەندین خێزانی نیشتەجێی گوندە قەدەغەکراوەکان ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە گوندەکانی خۆیان جێبهێڵن و لە کۆمەڵگا زۆرەملێیەکان نیشتەجێ بن، کە دەزگا کارگێڕییەکان لە قۆناغی ئاراستەکردن و هۆشیارکردنەوەدا ئامادەیان کردووە. بۆیە دەکرێت ئەو خێزانانە بەر لە دەستپێکردنی قۆناغی یەکەم بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزە سەربازییەکان و پارێزگارەکان ڕابگوازرێن (قیادة الفیلق الخامس، ٤/٢١/ ١٩٨٧، ص٥).

جگە لەمانە لە کۆنگرەکەدا بڕیاری ئەوە دراوە، کە سەرجەم فیرقە و فەرماندە سەربازییەکان بەیەکەوە کار بکەن و هەڵوێست و کارەکانی ڕۆژانەیان بۆ فەیلەقی (٥) بنووسن تا لە فەیلەقەوە بۆ نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور بەرز بکرێتەوە، بۆ ئەوەی ئاگاداری چالاکی ڕۆژانەی یەکە سەربازییەکان بن. فیرقە و فەرماندە

سەربازییەکانیش پێویستە هەماهەنگی لەگەڵ پارێزگاکان بکەن بۆ دابینکردنی پێداویستییەکان. پێویستە پارێزگاکانیش ئاماری ورد دەربارەی ئەو خێزانانەی، کە ڕادەگوازرێن بدەنە فەیلەق و فیرقە و فەرماندەییە سەربازییەکان، بۆ ئەوەی لە حاڵەتی فەراهەمنەبوونی خانوو، خیوەتی پێویست بۆ نیشتەجێکردنی خێزانە ڕاگوێزراوەکان دابین بکرێت. لە درێژەی پلانی وێرانکردنی گوندەکاندا ئاماژە بەوە کراوە، پێویستە فیرقە و فەرماندە سەربازییەکان سوود لە مەفرەزە ئەندازەییە سەربازییەکان وەربگرن، لەکاتی پشکنینی ڕێگا و ئەو گوندانەی وێران دەکرێن، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە مینڕێژ کرابن. هەروەها بەگوێرەی پلانەکە دەبوو پڕۆسەی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکان لە یەك کاتدا بێت، ڕێگە بەوە نەدرێت گوندنشینەکان خانووەکانیان چۆڵ بکەن و گوندەکان بە چۆڵی بمێننەوە، تا نەبنە پەناگەیەك بۆ هێزەکانی پێشمەرگە (قیادة الفیلق الخامس، ٤/٢١/ ١٩٨٧، ص٦-٧).

## تەوەرەی سێیەم:
## پڕۆسەی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە لە ساڵی ١٩٨٧

پڕۆسەی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە لەلایەن بەرپرسانی سەربازی و سیاسی و کارگێڕی بە دوو قۆناغی جیا نەخشەی بۆ کێشراوە، وەك لە پێشتردا ئاماژەی پێدرا. دواتر هەر بەپێی ئەو پلان و بەرنامەیە پڕۆسەکە ئەنجامدرا. بۆیە لە خوارەوەدا باس لە هەردوو قۆناغەکە دەکەین.

**١- قۆناغی یەکەمی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکان (٤/٢٠-٥/٢٠/ ١٩٨٧)**

بەر لە دەستپێکی پڕۆسەی ڕاگواستن و وێرانکردن، زانیاریی تەواو لەلایەن بەرپرسانی کارگێڕی و سەربازی دەربارەی گوندەکانی شارۆچکەکە تۆمارکراوە. لە نووسراوێکی نهێنی پارێزگای هەولێر، کە لە ٩ی نیسانی ١٩٨٧ بۆ فەیلەقی (٥) ناردراوە، واتە (١٢) ڕۆژ بەر لە دەستپێکردنی قۆناغی یەکەم. چەندین داتا و زانیاری لەبارەی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە خراوەتەڕوو. بەگوێرەی نووسراوەکە ژمارەی گوندەکانی شارۆچکەکە (١٤٦) گوند بووە و بە بەراورد لەگەڵ ئاماری ساڵی ١٩٧٧

تەنیا (١) گوند زیاد بووە، کە ئەویش لە ناوەندی قەزا بووە. لەو ژمارەیە (٤٩) گوند کەوتوونەتە ناوەندی قەزا و (٥٤) گوند لە شارەدێی تەقتەق و (٤٣) گوند لە شارەدێی شۆڕش بوون. (٨) گوند لەو کاتەدا و بەر لە دەستپێکردنی قۆناغی یەکەم ڕووخاو بووە، کە (٦) گوندی سەر بە شارۆچکەی ناوەند و (٢) گوند لە هەریەك لە شارەدێی تەقتەق و شۆڕش بوون. هەروەها تەنیا (١٢٨) گوند لەو کاتەدا ئاوەدان بوون و خەڵکیان تێدا بووە، کە (٤١) گوندی ناوەندی قەزا و (٤٨) گوندی شارەدێی تەقتەق و (٣٩) گوندی شارەدێی شۆڕش بوون (محافظة اربيل-اللجنة الامنية، ٤/٩ /١٩٨٧). بەم شێوەیەش نزیکەی دوو هەفتە بەر لە دەستپێکردنی قۆناغی یەکەمی ڕاگواستن و کاولکردن، (١٢٨) گوند لە شارۆچکەی کۆیەدا ئاوەدان بوون و ژیان تێیاندا ئاسایی بووە.

قۆناغی یەکەمی ڕاگواستن و وێرانکردن و سووتاندنی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە، لە ڕۆژی ٢٠ی نیسانی ١٩٨٧ دەستیپێکرد. واتە ڕۆژێك بەر لەو وادەیەی، کە لە پلانەکە نەخشەی بۆ کێشرابوو. دوو هەفتە بەر لە دەستپێکی وێرانکردنی گوندەکان گوندنشینەکان هەواڵی ڕاگواستنی خۆیان زانیوە، بۆیە زۆربەیان گوندەکانیان چۆڵکردووە، کە ئەمەش پێچەوانەی پلانەکانی حکومەت بوو، چونکە حکومەت دەیویست ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکان لە یەك کاتدا بێت، وەك لە پێشتردا باسی لێوەکرا. تەنیا ژمارەیەکی کەم لە خێزانەکان ماونەتەوە و حکومەت لەڕێگەی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر ڕایگواستوون. بەگوێرەی نووسراوێکی نهێنی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی هەولێر (٧) گەڵابە بۆ ڕاگواستنی گوندەکانی شارۆچکەکە تەرخانکراوە (مديرية بلديات محافظة اربيل، ٤/١٩ /١٩٨٧). بەم شێوەیەش دوای کۆچپێکردنی دانیشتوانەکەی دەستکرا بە تێکدان و کاولکردن، کە هێزە سەربازییەکانی سوپا و چەکدارەکانی فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی (جاش)ەکان تێیدا بەشداربوون. یەکەمین گوند لەسەر ئاستی شارۆچکەی کۆیە گوندی (شێخەلوان)ی سەر بە ناوەندی قەزا لە ٢٠ی نیساندا وێرانکرا (اللجنة الامنية في كويسنجق، ٤/٢٠ /١٩٨٧). ئەم گوندە گوندێکی بچووك بووە و تەنیا لە (٦) ماڵ پێکهاتوون و ژمارەی دانیشتوانی (١٨) کەس بووە و (٧) کم لە کۆیە دوورە. بەگوێرەی نووسراوێکی نهێنی لێژنەی

ئەمنی کۆیە گوندەکە وەك بارەگایەکی پێشمەرگەی لێ هاتووە و هێزەکانی پێشمەرگە بە بەردەوامی سەردانیان کردووە. هەر بەگوێرەی نووسراوەکە (١٢) کەس لە دانیشتوانەکەی لایەنگری حکومەت بوون و ئەوانی دیکە پشتگیری پێشمەرگەیان کردووە (اللجنة الامنية في كويسنجق، ١٢/٥/ ١٩٨٦). لەڕاستیدا ژمارەی لایەنگرانی حکومەت لەو گوندە و گوندەکانی دیکەشدا، کە لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەت ئاماژەیان پێدەکرێت، جێگەی متمانە نین، چونکە زۆربەی هەرە زۆری گوندنشینەکان دژی حکومەت بوون، یان لایەنگر یا هاوکار و یارمەتیدەری پێشمەرگە بوون. پێدەچێت موختاری گوندەکان زێتر بۆ خۆڕەپێشکردن لە حیزبی بەعس، ژمارەی لایەنگرانی حکومەتیان زیاد نووسیبێت و بۆ بەرپرسانی سەرەوەی خۆیان بەرزکردبێتەوە.

گوندی (گۆپتەپە)ی سەر بە شارەدێی شۆڕش وەك دووەمین گوند لە شارۆچکەکەدا لە ڕۆژی ٢١ی نیسان نیوەی وێرانکرا (قائمقامية كويسنجق، ٢٢/٤/ ١٩٨٧). لە ڕۆژی دواتردا، واتە ٢٢ی نیسان، نیوەکەی دیکەی ڕووخێندرا (قائمقامية كويسنجق، ٢٣/٤/ ١٩٨٧). ئەم گوندە (١٢) کم لە کۆیە دوورە و لە (٣٨) خانوو پێکهاتووە و ژمارەی دانیشتوانی (١٨٦) کەس بووە. بەگوێرەی نووسراوە نهێنییەکانی حکومەت، گوندەکە ڕێگای تێپەڕبوونی هێزەکانی پێشمەرگە بووە. هەر لە هەمان ڕۆژدا (٢٢ی نیسان) هەردوو گوندی (تەکەور)ی سەر بە شارەدێی شۆڕش و (کێلە سپی)ی سەر بە شارەدێی ناوەندی قەزا وێرانکران. گوندی یەکەمیان (١٠) کم لە کۆیە دوورە، لە (٢٥) خانوو پێکهاتووە و ژمارەی دانیشتوانی (١٢٣) کەس بووە. بەگوێرەی نووسراوە نهێنییەکانی حکومەت گوندەکە پێشمەرگەی تێدابووە و ڕێگای تێپەڕبوونیان بووە. گوندی دووەمیش (٨) کم لە کۆیە دوورە و تەنیا لە (٢) ماڵ پێکهاتووە و ژمارەی دانیشتوانی (٧) کەس بووە. حکومەت گوندەکەی وەك بارەگایەکی پێشمەرگە ئەژمار کردووە (اللجنة الامنية في كويسنجق، ١٢/٥/ ١٩٨٦).

لە ڕۆژی ٢٣ نیسان نیوەی گوندی (گۆمەشین) و لەگەڵ گوندی (پیرەر)ی سەر بە شارەدێی شۆڕش وێرانکران، لە ڕۆژی دواتردا (٢٤ی نیسان) نیوەکەی دیکەی گوندی (گۆمەشین) لەگەڵ زەویدا تەختکرا (قائمقامية كويسنجق، ٢٥/٤/ ١٩٨٧،

العدد/ ١٥٣؛ قائمقامية كويسنجق، ١٩٨٧/٤/٢٥، العدد/ ١٥٥، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە ٤). گوندی یەکەمیان لە (٨٦) خانوو پێکهاتووە و ژمارەی دانیشتوانی (٤٦٦) کەس بووە. بەگوێرەی نووسراوە حکومییەکان ژمارەیەکی کەمی پێشمەرگە هاتوچۆی گوندەکەیان کردووە. بەڵام (٧٩) کەس لایەنگری هێزەکانی پێشمەرگە بوون و (١) پێشمەرگەشی هەبووە. گوندی دووەمیان لە (٣١) خانوو پێکهاتووە و ژمارەی دانیشتوانی (١٥٢) کەس بووە (اللجنة الامنية في كويسنجق، ١٩٨٦/١٢/٥). لە ڕۆژی ٢٥ی نیساندا گوندەکانی (هەواوانی سەروو، هەواوانی خواروو، قەیسەری، شیوەسەن، ئاسکی کۆیە، تۆپزاوە، مام مەحمودە)ی سەر بە شارەدێی ناوەندی قەزا وێرانکران (قائمقامية كويسنجق، ١٩٨٧/٤/٢٥). لە ڕۆژی ٢٦ی نیساندا هەرسێ گوندی (ئێلنجاغی گەورە (ئێلنجاغی شێخان)، ئێلنجاغی بچووك (ئێلنجاغی خوارێ)، مەرزان)ی سەر بە شارەدێی تەقتەق لەگەڵ زەویدا تەختکران (قائمقامية كويسنجق، ١٩٨٧/٤/٢٧، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە ٥). لە ڕۆژی ٢٨ی نیساندا هەردوو گوندی (باوەقوب و گورزەیی)ی سەر بە شارەدێی شۆڕش وێرانکران (قائمقامية كويسنجق، ١٩٨٧/٤/٢٩). لە ڕۆژی ٢٩ی نیساندا هەرچوار گوندی (تەرگێنە، ئاریان، باقلێن، ئەشکەوت سەقا)ی سەر بە شارەدێی شۆڕش کاولکران (قائمقامية كويسنجق، ١٩٨٧/٤/٣٠).

لە ڕۆژی ٣٠ی نیساندا هەردوو گوندی (گۆمەتاڵ و سماق شیرینی گەورە)ی سەر بە شارەدێی شۆڕش وێرانکران (مديرية ناحية شورش، ١٩٨٧/٤/٣٠، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە ٦). گوندی یەکەمیان (٧٢) خانوو و ژمارەی دانیشتوانیشی (٣٦٥) کەس بووە. بەگوێرەی نووسراوە نهێنییەکانی حکومەت (١٦٤) کەس لە گوندەکە لایەنگری پێشمەرگە بوونە و (١) پێشمەرگەشی لێبووە. ڕێگایەکی تێپەڕبوونی هێزەکانی پێشمەرگە بووە. گوندی دووەمیان (٢٦) خانوو و ژمارەی دانیشتوانیشی (١٢٩) کەس بووە (اللجنة الامنية في كويسنجق، ١٩٨٦/١٢/٥). لە ١ی ئایاری ١٩٨٧ هەردوو گوندی (عەبدالان و بارەمیش)ی سەر بە شارەدێی ناوەندی قەزا وێرانکران. گوندی یەکەم (٥) خانوو و ژمارەی دانیشتوانیشی (٢٥) کەس بووە. گوندی دووەم (٢) خانوو و ژمارەی دانیشتوانیشی (٨) کەس بووە. لە ٢ی ئایاردا گوندی (شیلە/

شیلێ)ی سەر بەشارەدێی ناوەندی قەزا کاولکرا (اللجنة الامنية في كويسنجق، ١٢/٥/ ١٩٨٦؛ قائمقامية كويسنجق، ٢/٥/ ١٩٨٧). لە ٧ی ئایاردا گوندی (تاڵەبانی بچووك)ی سەر بە شارەدێی تەقتەق وێرانکرا. لە ٩ی ئایاردا گوندی (کونە گورگ)ی سەر بە شارەدێی تەقتەق کاولکرا (قائمقامية كويسنجق، ٩/٥/ ١٩٨٧). لە ١٠ی ئایاردا گوندی (تاڵەبانی گەورە)ی سەر بە شارەدێی تەقتەق وێرانکرا (قائمقامية كويسنجق، ١١/٥/ ١٩٨٧). لەنێوان ١١-٢٠ ئایاری ١٩٨٧ گوندەکانی (بیستانە، کانی کەند، داربەڕوولە، مام قلینج) ی سەر بە شارەدێی ناوەندی قەزا و گوندی (گەرمك)ی سەر بە شارەدێی تەقتەق وێرانکران (اللجنة الامنية في كويسنجق، ١٢/٥/ ١٩٨٧؛ اللجنة الامنية في كويسنجق، ٢١/٥/ ١٩٨٧). لە کۆتا ڕۆژی قۆناغی یەکەمیشدا هەموو ئەو گوندانەی تا ئەو کاتە وێران نەکرابوون، تۆپباران کراون، ئینجا کاولکراون. بەگوێرەی بروسکەیەکی نهێنی و بەپەلەی عەلی حەسەن مەجید بۆ فەرماندەی فەیلەقی (١) و (٥) ئەو گوندانەی کە لە قۆناغی یەکەمدا ڕاگواستن دەیانگرێتەوە و ماوەی ڕاگواستنیان کۆتایی پێهاتووە و هێشتا تێکنەدراون، پێویستە بە تۆپ و هاوەن لێیان بدرێت، ئینجا بچنە نێویانەوە و کاولبکرێن (قيادة مكتب تنظيم الشمال، ٢٠/٥/١٩٨٧). بەم شێوەیە لە قۆناغی یەکەمدا (٤٢) گوندی سەر بە شارۆچکەی کۆیە کاولکران. (١٧) گوندی سەر بە شارەدێی ناوەندی قەزا و (١٨) گوندی سەر بە شارەدێی شۆڕش و (٧) گوندی سەر بە شارەدێی تەقتەق. ئەمە لەکاتێکدا بەگوێرەی پلانی وێرانکردنی گوندەکان دەبوو لە قۆناغی یەکەمدا (٢٦) گوند وێران بکرێت. ئەمەش نیشانەی خێرایی بەجێگەیاندنی پرۆسەکەیە لەلایەن یەکە سەربازییەکانەوە.

لە قۆناغی یەکەمی وێرانکردنی گوندەکاندا، بەرپرسانی سیاسی و سەربازی ڕەخنەیان لە شێوەی جێبەجێکردنی پرۆسەکە گرتووە. بەتایبەتی وێراننەکردنی تەواوەتی بەشێك لە گوندەکان. لەو بارەیەوە لە بروسکەیەکی نهێنی و بەپەلەی (ڕازی حەسەن سەلمان)ی جێگری ڕازگری سەرکردایەتی نووسینگەی باکور لە ٢٥ی نیسانی ١٩٨٧ دا ئاماژە بەوەکراوە، کە عەلی حەسەن مەجید داوای کردووە، هەر هێزێك کە دەردەچێت بۆ وێرانکردنی گوندێك پێویستە گوندەکە بەتەواوی وێران بکات، ئینجا لە ناوچەکە بکشێتەوە (مكتب تنظيم الشمال، ٢٥/٤/ ١٩٨٧). لە

نووسراوێکی دیکەی فەرماندەی (هێزەکانی ڕەشید) لە ١٣ی ئایاری ١٩٨٧، کە بۆ پارێزگای هەولێر ڕەوانەکراوە، ئاماژە بەوەکراوە پرۆسەی وێرانکردنی گوندەکان لە ئاستی پێویستدا نییە. بەشێك لە خانوو و کێڵگە و دیواری بیناکان بەتەواوی نەڕووخێندراون، ئەمەش یارمەتی هێزەکانی پێشمەرگە دەدات تا خۆیان لێ حەشار بدەن. بۆیە داوای کردووە دووبارە گوندەکان وێران بکرێنەوە، بەشێوەیەك لەگەڵ زەویدا تەخت بکرێن و هیچ شوێنەوارێکیان نەمێنێت. هەروەها داوای کردووە سەرجەم پاشماوەی خانووەکان وەك تەختە و دەرگا و پەنجەرە و کەرەستەکانی دیکە لە شوێنەکە لابرێن، ئەگەر ئەوەش نەکرا، ئەوە دەبێ بسووتێندرێن (آمرية مواقع قيادة قوات الرشيد، ٥/١٣/ ١٩٨٧).

**٢- قۆناغی دووەمی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکان** (٥/٢١- ٧/٢٠/ ١٩٨٧)

بۆ پلاندانان و جێبەجێکردنی پرۆسەی وێرانکردنی گوندەکان لە قۆناغی دووەمدا، لە ١٠ ئایاری ١٩٨٧ لە بارەگای فەرماندەیی فەیلەقی (٥) دا بە ئامادەبوونی فەرماندەی فەیلەق لیوا ڕوکن (طالع خليل ارحيم) و پارێزگارەکانی پارێزگاکانی نەینەوا و هەولێر و دهۆك و ڕازگری حیزبی بەعس و بەڕێوەبەرە ئەمنییەکان لە هەر سێ پارێزگاکەدا، لەگەڵ (١٢) فەرماندەی دیکەی سەربازی، کۆنگرەیەك بەسترا. لەو کۆنگرەیەدا فەرماندەی فەیلەق تیشکی خستووەتە سەر ئەوەی، کە لە قۆناغی یەکەمدا تا ئەو کاتە جێبەجێکراوە، دواتریش باسی لە دەستپێکی قۆناغی دووەم کردووە، کە پێویستە بە بەراورد بە قۆناغی یەکەم بەخێراییەکی زیاتر پرۆسەکە تەواو بکرێت. ئاماژەی بەوەداوە کە لە قۆناغی یەکەمدا ڕۆڵی فەوجە جاشەکان بەگوێرەی پێویست نەبووە، بۆیە دەبێت لە قۆناغی دووەمدا ڕۆڵی زیاتر ببینن، بەتایبەتی ئەو فەوجانەی کە پێکهاتەی عەشایەری تێیاندا بەهێزە. هەروەها باسی لەوە کردووە لەبەرئەوەی گوندەکانی قۆناغی دووەم کەوتوونەتە قووڵایی ناوچەکانی ژێر هەژموونی هێزەکانی پێشمەرگە، بۆیە پێشبینی دەکەن لەو قۆناغەدا ڕووبەڕووی بەرگرییەکی سەخت ببنەوە. لەلایەکی دیکە لە کۆنگرەکەدا ئاماژە بەوەدراوە، کە هێزەکانی پێشمەرگە کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر گوندنشینەکان هەیە و هەندێك

لە دانیشتوان پەیوەندییان پێوەکردوون و بوونەتە پێشمەرگە، بۆیە داواکراوە بەشێوەیەکی چڕ گوندنشینەکان هۆشیاربکرێنەوە و چاودێرییەکی توندی کەسانی گومانلێکراو بکەن. جگە لەمانەش بڕیاردراوە چاودێری جووڵەی تراکتۆری گوندەکان بکرێت و دەستب گیرێت بەسەر هەموو ئەو تراکتۆرانەی، کە لە دەرەوەی شارەکانن (قيادة الفيلق الخامس، ١٩٨٧/٥/٢٤، ص١-٥).

لە نووسراوێکی نهێنی لیژنەی ئەمنی کۆیەش بۆ پارێزگای هەولێر لە ١١ی نیسان جەخت لە گرنگی و مەترسی قۆناغی دووەمی وێرانکردنی گوندەکان کراوەتەوە. بۆیە چەندین داواکارییان هەبووە بۆ دابینکردنی ئامێر و ئۆتۆمبێل و کەرەستەی ئەندازەیی و هێزی سەربازی. لەوانەش: تەرخانکردنی سێ فەوجی جاش بۆ گەمارۆدان و پشکنین و هەڵکوتانە سەر گوندەکان، فەوجێکی مغاوير و (٥٠٠) چەکداری مەفرەزە تایبەتەکان، سریەیەکی تانك و سریەیەکی ناقیلە، سێ هاوەنی ١٠٠ ملم و سێ تۆپی مەدفەعی ١٠٦ ملم، سێ تیمی پزیشکی، سێ ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن (اللجنة الامنية في كويسنجق، ١٩٨٧/٥/١١).

بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی نهێنی لیژنەی ئەمنی کۆیە لە ماوەی قۆناغی دووەمی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکاندا (٢١ی ئایار- ٢٠ی تەمموزی ١٩٨٧) ژمارەی ئەو گوندانەی شارۆچکەی کۆیە کە ڕاگوێزراون و لەگەڵ زەویدا تەخت کراون (٨٦) گوند بووە. (٢٦) گوند سەر بە شارۆچکەی ناوەند بوون، کە بریتی بوون لەمانە: (بارەمیش، مزگەوتۆکە، دارە مەزن، ئاودەلۆك، حاجی قەڵا، شیواشۆك قەلەم، بامورتکان، کفرە دۆڵ، گرد هەنجیر، قەشقە، تیمارۆك، دۆندار، شەوگێڕ، باجوان، کێلە خوار، کافرۆشیان، حەمە بایزان، باواجی، کرۆژ، سماقوڵی سێنان، سماقوڵی گرتك، جەلی، پیبازۆك، قۆریتان، کۆلکە ڕەش، گرد گۆران). (٥٢) گوندیش سەر بە شارەدێی تەقتەق بوون، کە بریتی بوون لەمانە: (سوێرەلە، قازبەگیان، قوڕە بەرازەی گچکە، قوڕە بەرازەی گەورە، ناسراغا، داوداوە، کانی کورد، سوورە قەڵا، بانە قەڵات، قولقولە، تەکەلتوو، باغەنجیر، شیوەجان، تاحونە، قەسر خەرابە، خەرابە، ئیلەڵڵا، کانی سوور، کێلە سپی، کاولان، بۆگەد، کانی ڕەش، ئەلیاسە سوور، قەنبەر، باغە چنێرە، مەرزانی کانی قەبران، گرملك ساتوقەڵا، چۆم حەیدەر، گۆمەشین، کارێز، مخەڕەس، کانیبی،

جل بەسەر، کونە گورگ، کانی هەنجیر، مەلا زیاد، کانی لەلە، کانی ڕەش، بانی گوڵان، ڕەحماناوە، قزلو، قەسرۆك، ئۆمەرگومبەت، سێگردکان، سێ کانی، قەسر، بەردە سپی، کانی سلێمان، سارتکە، ئاوماڵ، شەیتان، شیواشۆکی گەورە). هەروەها (٨) گوندیش سەر بە شارەدێی شۆڕش بوون، کە بریتی بوون لەمانە: (قورتەلاس، شاخەپیسکە، بایزاغا، داربەسەری گەورە، داربەسەری گچکە، سماقە، نێرەگین، بەردبڕ) (اللجنة الامنية في كويسنجق، ١٣/٨/ ١٩٨٧).

لە وێرانکردنی گوندەکاندا لە قۆناغی یەکەم و دووەمدا شۆفڵ و بلدۆزەر بەکارهاتووە، کە هەندێکیان تایبەت بوون بە یەکە سەربازییەکان و ئەوانی دیکەش سەر بە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی هەولێر بوون. لەگەڵ هەڵهاتنی خۆردا تا کاتی ڕۆژئاوابوون کاریان کردووە. لە قۆناغی یەکەمی وێرانکردنی گوندەکاندا لە نووسراوێکی نهێنی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی هەولێردا ئاماژە بە (١٤) شۆفڵ و (٢) بلدۆزەری بەڕێوەبەرایەتییەکە لەگەڵ ناوی شۆفێر و ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان کراوە، کە بەشدارییان لە کاولکردن و تێکدانی گوندەکاندا کردووە (مديرية بلديات محافظة اربيل، ١٩/٤/ ١٩٨٧). لە قۆناغی دووەمی وێرانکردنی گوندەکانیشدا (٢٥) شۆفڵ بەکارهاتوون، لەگەڵ (٥) ئۆتۆمبێلی جۆری (فاون) بۆ گواستنەوەی شۆفڵەکان (اللجنة الامنية في كويسنجق، ١١/٥/ ١٩٨٧) ژمارەیەکی زۆری شۆفڵەکان ڕۆژانە لەکاتی ڕووخاندنی گوندەکاندا لەکارکەوتوون. بۆ نموونە بەگوێرەی بروسکەیەکی نهێنی و بەپەلەی لێژنەی ئەمنی کۆیە بۆ پارێزگای هەولێر لە ٢٩ی نیسانی ١٩٨٧ دا (٤) شۆفڵ لەکارکەوتوون (اللجنة الامنية في كويسنجق، ٢٩/٤/ ١٩٨٧). تەنانەت لە هەندێك ڕۆژدا تەواوی شۆفڵەکان لەکارکەوتوون و پرۆسەی وێرانکردنی گوندەکان وەستاوە. وەك لە نووسراوێکی لێژنەی ئەمنی کۆیە بۆ پارێزگای هەولێر لە ٤ی ئایاردا ئاماژە بەوەکراوە لەم ڕۆژەدا هیچ گوندێك لە شارۆچکەکە تێکنەدراوە، لەبەرئەوەی ئەو (١١) شۆفڵەی لایان بووە، سەرجەمیان لەکارکەوتوون و ئیشیان نەکردووە (اللجنة الامنية في كويسنجق، ٤/٥/ ١٩٨٧). هەروەها لە ٧ی ئایاردا لێژنەکە لە بروسکەیەکدا داوای لە پارێزگای هەولێر کردووە تا فەرمان بکات بە بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی کەرکوك، بۆ چاککردنەوەی دوو شۆفڵی لەکارکەوتوو، کە ڕۆژی ٢ی ئایار بۆیان

ڕەوانەکردوون. لە هەمان کاتدا فەرمان بکات بە بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی هەولێر بۆ چاککردنەوەی ئەو شۆفلانەی، کە لە ڕۆژی ٤ی نیسان بۆیان ناردوون (اللجنة الامنية في كويسنجق، ١٩٨٧/٥/٧). لە بروسکەیەکی دیکەی هەمان لێژنە لە ١١ی حوزەیراندا ئاماژە بە لەکارکەوتنی (٨) شۆفڵ لەکۆی (١٥) شۆفڵ کراوە (اللجنة الامنية في كويسنجق، ١٩٨٧/٦/١١).

خانووی گوندەکان زۆربەی هەرە زۆریان لە قوڕ و بەرد دروستکرابوون، بۆیە وێرانکردنیان ئاسان بووە. بەڵام مزگەوت و قوتابخانە و بنکە تەندروستییەکان لەبەرئەوەی لە شیش و کۆنکرێت دروستکرابوون، بۆیە زۆربەیان لەڕێگەی بەکارهێنانی (تی ئێن تی)یەوە تەقێندراونەتەوە و دواتر بە شۆفڵ تەخت کراون. بەر لە تەقاندنەوەشیان کەلوپەلەکانی ناویان گوازراوەتەوە. بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی نهێنی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی پارێزگای هەولێر لە ڕۆژی ٤ی ئایاری ١٩٨٧ لێژنەیەك لەسەر ئاستی شارۆچکەی کۆیە لە هەریەك لە (فەقێ عەلی ئیسماعیل)ی پێشنوێژی مزگەوتی گەورەی کۆیە و (تەیب محەمەد بەهائەدین)ی پێشنوێژی مزگەوتی (بایزاغا)ی کۆیە و (حەسەن حەمەد مرۆ)ی پێشنوێژی مزگەوتی (سەرباغ)ی کۆیە پێکهاتووە، بە مەبەستی کۆکردنەوە و گواستنەوەی کەلوپەلەکانی نێو ئەو مزگەوتانەی، کە لە گوندەکانی شارۆچکەی کۆیەدا وێرانکراون (الامانة العامة لادارة شؤون الاوقاف، ١٩٨٧/٥/٤، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە ٧). بەڵام ئەم ڕێکارانە لە هەموو گوندەکاندا جێبەجێ نەکراوە، لە هەندێك گونددا مزگەوتەکان بە هەموو کەلوپەلەکانی ناویەوە ڕووخێندراون.

جێگەی ئاماژەیە بەر لە وێرانکردن و دوای وێرانکردنیش بە کامێرای ڤیدیۆ وێنەی گوندەکان گیراوە و لە دەزگا حکومییەکاندا دۆکیۆمێنت کراوە. لەو بارەیەوە لە ٢١ی ئایاری ١٩٨٧ لە بروسکەیەکی نهێنی و بەپەلەی لێژنەی ئەمنی کۆیە بۆ پارێزگای هەولێر، داوای کامێرای ڤیدیۆ و وێنەگری پێویستی کردووە، تا وێنەی گوندەکان بگرن (اللجنة الامنية في كويسنجق، ١٩٨٧/٥/٢١، رقم المنشيء/ ٣٣٥).

لەلایەکی دیکە پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە سەرباری کاولکردنی خانوو و ماڵی گوندەکان، لە زۆربەی ناوچەکاندا کاری تاڵانکاریش کراوە و لەلایەن هێزە

سەربازی و جاشەکانەوە بەرهەمی کشتوکاڵی و ئاژەڵی بە تالآن بردراوە. ئەمەش بەڕوونی لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتدا هاتووە و دەزگا حکومییەکان خۆیان دانیان پێداناوە. بۆ نموونە بەگوێرەی بروسکەیەکی نهێنی و بەپەلەی پارێزگای هەولێر بۆ نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور لە ٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٨ ئاماژە بەوەکراوە، کە عەمید ڕوکن (عەلی ئەحمەد صالح)ی فەرماندەی فیرقەی (٤٦) دار ئەسپیندارەکانی هەر سێ گوندی (سماقووڵی سەروچاو و سماقووڵی گرتك و سماقووڵی گەلی)ی سەر بە شارەدێی ناوەندی شارۆچکەی کۆیەی بڕیوە و بە نرخی (٦٠) هەزار دینار فرۆشتوویەتی. هەروەها هەندێك لە سەرۆك جاشەکانیش دەیان لۆری دار ئەسپینداریان لە گوندەکانەوە بۆ ناو شاری هەولێر گواستووەتەوە و لەوێ فرۆشتوویانە (محافظة اربيل-لجنة مكافحة النشاط المعادي، ١٩٨٨/١/٣).

جگە لە بەرهەمی کشتوکاڵی، سەدان سەر ئاژەڵ لە گوندە وێرانکراوەکاندا تالآن کراون و دەستیان بەسەرداگیراوە. تەنانەت بەهۆی زۆری ئاژەڵە تالآنکراوەکان لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر لێژنەیەك لەژێر ناوی (لێژنەی وەرگرتن و حەواندنەوەی ئاژەڵە بە قاچاغ بردراوەکان) پێکهاتووە. ئەو لێژنەیە لە نووسراوێکدا لە ١ی تشرینی دووەمی ١٩٨٨ دا بۆ لێژنەی نەهێشتنی چالاکی دوژمنکارانە لە هەولێر، ئاماژەی بەوە کردووە، کە بەهۆی زۆری ئەو مەڕ و ماڵات و ئاژەڵانەی، کە لەلایەن یەکە سەربازییەکانەوە دەستیان بەسەردا دەگیرێت، گرفتیان بۆ دروست بووە، چونکە ئاژەڵەکان پێویستیان بە شوێنی تایبەت و کرێکار و پاسەوان و ئالیك و داو و دەرمان هەیە. ژمارەیەکیشیان بەهۆی زۆر ڕۆیشتن و ماندووبوونەوە لەناوچوون. بۆیە داوایان کردووە بەزوویی ئەو ئاژەڵانە بفرۆشرێن و پارەکەی بچێتەوە گەنجینەی حکومەت (لجنة استلام وايواء الحيوانات المهربة، ١٩٨٨/١١/١).

### ٣- هەڵوەشاندنەوە و بڕیاری وێرانکردنی هەردوو شارەدێی شۆڕش و تەقتەق

دوا بەدوای بڕیاری ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان، ژمارەیەك شارەدێ لە سەرتاسەری کوردستان هەڵوەشێندرانەوە. لەم چوارچێوەیەشدا بەگوێرەی فەرمانێکی کۆماری لە ١١ی ئایاری ١٩٨٧ دا (٢٩) شارەدێ هەڵوەشێندرانەوە،

لەنێویشیاندا هەردوو شارەدێی شۆڕش و تەقتەق (نێروەیی، ٢٠١٠، ل٢٠). ئەمەش لەبەرئەوە بوو کە هیچ مانایەك بۆ مانەوەی یەکە کارگێڕییەکان لەو ناوچانەدا نەمابووەوە و ئەو گوندانەی سەر بە هەردوو شارەدێیەکە بوون هەندێکیان بەتەواوی کاولکرابوون و هەندێکی دیکەشیان لە چاوەڕوانی وێرانکردندا بوون. سەبارەت بە شارۆچکەی شۆڕش لە سەرەتاکانی ئەیلوولی ١٩٨٧ دانیشتوانەکەی چۆڵیان کرد. لە نووسراوێکی نهێنی قایمقامییەتی ناوەندی شارۆچکەی هەولێر ئاماژە بەوە کراوە دوای ئەوەی لە شەوی ٤/٣ی ئەیلوولی ١٩٨٧ بارەگاکانی فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی (جاش) لە شارۆچکەکە لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە هێرشیان کرایە سەر، لە ئەنجامدا دانیشتوانی گوندی دێگەڵەی ناوەندی شارەدێی شۆڕش و کۆمەڵگەی دێگەڵەی تەنیشت شارەدێیەکە بەتەواوی چۆڵکراون و دانیشتوانەکەی کۆچیان بۆ نێو هەردوو شاری کۆیە و هەولێر کردووە. بۆیە قایمقامییەت پێشنیازی وێرانکردنی گوندەکە و کۆمەڵگەکەی کردووە (قائمقامية قضاء مركز اربيل، ٩/١٧/ ١٩٨٧). فەیلەقی (٥)ی سوپای عێراقیش، کە بەرپرسیارێتی سەربازی شارەدێیەکەی لە ئەستۆدا بووە، لە نووسراوێکدا لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٧ پێی وابووە بەهۆی ئەوەی گوندی دێگەڵە لە ناوچەیەکە بەردەوام هەڕەشەی پێشمەرگەی لەسەرە و بەهۆی هەڵوەشانەوەی شارەدێیەکە و سوود لێ نەبینینی لەڕووی سەربازی و ئابوورییەوە، بۆیە پێشنیازی کاولکردنی شارەدێیەکەی کردووە (برقية سرية وفورية من الفيلق الخامس، ١٠/١٠/ ١٩٨٧). بە هەمان شێوە بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر هیچ لارییەکی لە تێکدانی شارەدێی شۆڕشدا نەبووە و پشتگیری ئەو هەنگاوەی کردووە (مديرية امن محافظة اربيل، ١١/١٣/ ١٩٨٧، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە ٨). بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێریش لە نووسراوێکدا بۆ پارێزگای هەولێر لە ٢٨ی تشرینی دووەمدا داوای وەستاندنی خوێندنی لە قوتابخانەی ناوەندی دێگەڵە کردووە. لە نووسراوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە بەهۆی بارودۆخی نائاسایی ناوچەکە و بۆ سوودوەرگرتن لە مامۆستاکانی ئەو قوتابخانەیە و پڕکردنەوەی پێداویستی قوتابخانەکانی دیکە پێویستە خوێندن لەو قوتابخانەیە بوەستێت (المديرية العامة لتربية محافظة اربيل، ١١/٢٨/ ١٩٨٧).

دوای نزیکەی ساڵێك لەو پێشنیازانەی، کە کران بۆ تێکدانی شارەدێیەکە، بەڵام نەبووە بڕیار و جێبەجێ نەکرا، بۆیە وردە وردە بەشێك لەو گوندنشینانەی شارەدێیەکە، کە دوای تێکدانی گوندەکان لەنێو دۆڵ و شاخەکان خۆیان حەشاردابوو، لەگەڵ بەشێك لە دانیشتوانی گوندی دێگەڵە هاتنەوە نێو شارۆچکەکە و تێیدا نیشتەجێبوون. بەشێوەیەك لە حوزەیرانی ١٩٨٨ دا (٢٥) خێزانی سەر بە شارۆچکەکە و (٣٢) خێزانی گوندەکانی (تەرگێنە، کانیبی، گۆمەتاڵ، سماق شیرین، گۆمەشین، کانی دەربەند، بانی ماران، عەلیاوە) لە شارۆچکەکەدا بوون (قائمقامية قضاء مركز اربيل، ٦/١٨/ ١٩٨٨). بۆیە جارێکی دیکە دەزگا سەربازی و ئەمنی و حزبی و کارگێڕییەکانی حکومەت پێشنیازی ڕووخاندنی شارۆچکەکەیان بۆ سەرووی خۆیان بەرزکردووەتەوە. لەوانەش بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر لە نووسراوێکی نهێنیدا بۆ پارێزگای هەولێر پێشنیازی تێکدانی شارۆچکەکەیان کردووە، ئەمەش بە پاساوی ئەوەی، کە ناوچەکە بووەتە دەروازەیەکی گرنگی هێزەکانی پێشمەرگە لە گوندەکانی سماقوڵی سەروچاوە و سماقوڵی گرتك (مديرية امن محافظة اربيل، ١٠/٢٢/ ١٩٨٨). پارێزگای هەولێریش لە نووسراوێکدا لە ٢ی تشرینی دووەمی ١٩٨٨ بۆ نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور پێشنیازی ڕاگواستن و ڕووخاندنی شارۆچکەکەی کردووە، بەشێوەیەك دانیشتوانەکەی لە کۆمەڵگەی (باسرمە) نیشتەجێ بکرێن (محافظة اربيل-لجنة مكافحة النشاط المعادي، ١١/٢/ ١٩٨٨، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە ٩). بەڵام نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور لە نووسراوێکدا لە ١٤ی تشرینی دووەمدا داوای کردووە ڕاگواستنی دانیشتوانی گوندی دێگەڵە لەو کاتەدا ئەنجام نەدرێت و بۆ دوای تەواوبوونی وەرزی زستان دوابخرێت (قيادة مكتب تنظيم الشمال، ١١/١٤/ ١٩٨٨). بەڵام لە وەرزی زستانیشدا پرۆسەی ڕاگواستنی گوندی دێگەڵە جێبەجێ نەکرا، بەم شێوەیەش گوندەکە وێران نەکرا و وەك خۆی مایەوە.

سەبارەت بە ناوەندی شارەدێی تەقتەق، کە ژمارەی خانووەکانی (٨٨١) خانوو بووە (محافظة اربيل-اللجنة الامنية، ٦/٢/ ١٩٨٨). دوای تێکدانی گوندەکانی سەر بە ناحیەکە لەلایەن بەرپرسان و دەزگا حکومی و سەربازی و ئەمنییەکانەوە

پێشنیازی وێرانکردنی شارۆچکەکە کراوە. لەم چوارچێوەیەشدا لە نووسراوێکدا نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور لە ٢٠ی تەمموزی ١٩٨٧، کە ئاراستەی پارێزگای هەولێر کراوە، ئاماژە بەوە دراوە، کە ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی شارۆچکەکە پەیوەندییان بە هێزەکانی پێشمەرگەوە کردووە و لەکاتی پەلاماری پێشمەرگە بۆ سەر شارۆچکەکە زۆربەی دانیشتوانەکەی هاوکاری و ئاسانکارییان بۆ کردوون. بۆیە پێشنیازی وێرانکردنی شارۆچکەکە کراوە، پارێزگای هەولێریش لەلای خۆیەوە، بە نووسراوێکی نهێنی داوای ڕا و بۆچوونی هەریەك لە سەرکردایەتی لقی هەولێری حیزبی بەعس و بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی پارێزگای هەولێر و ڕێکخستنی هەواڵگری ناوچەی باکووری لەو بارەیەوە کردووە (محافظة اربيل-اللجنة الامنية، ٨/١/ ١٩٨٧).

ڕێکخستنی هەواڵگری ناوچەی باکوور لە ٣ی ئابدا وەڵامی پارێزگای هەولێری داوەتەوە و ئاماژەی بەوە داوە، کە پشتگیری لە پێشنیازەکە دەکەن، چونکە شارۆچکەکە بووەتە وێستگەی پشوودانی هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچەکەدا و زۆربەی پێداویستییەکانی خۆیان لەوێ بەدەست دەخەن (منظومة استخبارات المنطقة الشمالية، ٨/٣/ ١٩٨٧). بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێریش لە ١٦ی ئابدا لاری نەبوونی خۆی لە وێرانکردنی شارۆچکەکە دەربڕیوە (مديرية امن محافظة اربيل، ٨/١٦/ ١٩٨٧). بە هەمان شێوە سەرکردایەتی لقی هەولێری حیزبی بەعسیش لە ٢ی ئەیلوولدا ڕەزامەندیی خۆی بۆ پێشنیازەکە دەربڕیوە (قيادة فرع اربيل، ٩/٢/ ١٩٨٧). پارێزگای هەولێریش لەلای خۆیەوە لە نووسراوێکدا لە ١٥ی ئەیلوولی ١٩٨٧ بۆ هەریەك لە نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور و فەرماندەیی فەیلەقی یەك لاری نەبوونی خۆی لە ڕاگواستن و وێرانکردنی شارۆچکەی تەقتەق ڕاگەیاندووە. بەڵام لە هەمان کاتدا ئاماژەی بەوە داوە، کە بەر لە تێکدانی پێویستە کۆمەڵگایەکی نیشتەجێبوون بۆ دانیشتوانەکەی ئامادە بکرێت، لەلایەکی دیکە دوو پرۆژەی گرنگی ئابووری لە شارۆچکەکەدا هەن دەبێت ڕەچاو بکرێن، یەکەمیان کێڵگەیەکی پەلەوەر، کە هی دەوڵەتە و سەر بە وەزارەتی کشتوکاڵە. هێلکە و جووجەڵە بۆ ناوچەی باکوور دابین دەکات. دووەمیان پرۆژەی ئاوی تەقتەقە، کە سەرچاوەی سەرەکی ئاوی شاری کۆیەیە و ناکرێت دەستبەرداری بین (محافظة اربيل-اللجنة الامنية، ٩/١٥/ ١٩٨٧).

پڕۆژەی پەلەوەری تەقتەق یەکێك بوو لەو گرفتانەی، کە دەبووە کۆسپ لەبەردەم وێرانکردنی شارۆچکەکە، چونکە پڕۆژەیەکی گرنگی ئابووری ناوچەکە بوو، یان دەبوو دوای کاولکردنی شارۆچکەکە لە شوێنی خۆیدا بمێنێتەوە و بفرۆشرێتە کەرتی تایبەت، ئەمەش پێویستی بە پارێزگارییەکی بەردەوام هەبوو لەو هێرشانەی کە پێشمەرگە دەیکردە سەری. یان ئەوەتا دەبوو بگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی دیکە. بەڵام هیچ یەکێك لەو دوو ئەگەرانە سەرکەوتوو نەبوون، چونکە پڕۆژەکە سەرباری ئەوەی لەلایەن هێزێکی زۆرەوە پارێزگاری لێکراوە، بەشێوەیەك لە شەش ڕەبییەی جاش پێکهاتووە و ژمارەی چەکدارەکانی (٣٠٠) کەس بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەگوێرەی دانپێداهێنانی بەرپرسانی سەربازی نەتواندراوە بە باشی پارێزگاری لێ بکرێت (قیادة الفیلق الاول، ١٠/١٣/ ١٩٨٧). سەبارەت بە گواستنەوەشی بۆ جێگایەکی دیکە، کارێکی زەحمەت و تێچوونێکی ماددیی زۆری پێویست بووە، تەنانەت لە نووسراوێکی دامەزراوەی گشتی پەلەوەری ناوچەی باکووردا هاتووە: "بەرزکردنەوە و لەبەریەکهەڵوەشانەوە و دووبارە دانانەوەی مەکینە و ئامێرەکانی پڕۆژەکە پێویستی بە تێچوونێکی دارایی زۆر هەیە، کە لەوانەیە بگاتە تێچوونی دامەزراندنی پڕۆژەیەکی نوێ" (المنشأة العامة لدواجن المنطقة الشمالیة، ٤/٧/ ١٩٨٧). دوای ئەمانە نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور لە نووسراوێکی نهێنییدا لە ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٧ بۆ فەرماندەیی فەیلەقی یەك بڕیاری دواخستنی ڕاگواستن و وێرانکردنی شارۆچکەی تەقتەقی ڕاگەیاند (قیادة مکتب تنظیم الشمال، ١٩/١٠/١٩٨٧).

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ساڵێك بەسەر بڕیارەکە، جارێکی دیکە بەرپرسانی ناوچەکە پێویستبوونی وێرانکردنی شارۆچکەکەیان بۆ سەرووی خۆیان بەرزکردەوە. لەم میانەیەشدا لێژنەی نەهێشتنی چالاکی دوژمنکارانە لە کۆیە لە کۆبوونەوەیەکدا بە سەرۆکایەتی عەمید (عبدالجبار جسام صالح) لە ٩ی تشرینی دووەمی ١٩٨٨ دا چەند زانیارییەکیان لەبارەی ناوچەکە بە پارێزگای هەولێر داوە، کە لەژێر ڕۆشنایی ئەمانەدا بڕیاری کاولکردنی شارۆچکەکە بدرێت. لەوانەش: شارۆچکەکە بووەتە شوێنی کۆبوونەوەی ئەو خێزانانەی، کە گوندەکانیان وێرانکراوە، لەگەڵ ئەو خێزانانەی دوای

پرۆسەی ئەنفالی ناوچەکانی تەقتەق و دەشتی کۆیە ڕوویان لەوێ کردووە، بەشێوەیەك (٧٤٧) خێزانی گوندەکان و پاشماوەی ئەنفالەکان لەوێدا نیشتەجێبوون. هەروەها تا ئەو کاتە (٤) پێشمەرگەی خەڵکی شارۆچکەکە، نەگەڕاونەتەوە و خۆیان ڕادەستی حکومەت نەکردۆتەوە. جگە لەمانەش بەشێوەیەکی بەردەوام هێزەکانی پێشمەرگە هاتوچۆی شارۆچکەکە دەکەن و بووەتە سەرچاوەی دابینکردنی خۆراك و سووتەمەنی بۆیان (لجنة مكافحة النشاط المعادي في كويسنجق، ١١/٩/ ١٩٨٨). بۆیە پارێزگای هەولێر لە ٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٨٩ داوای لە لێژنەی نەهێشتنی چالاکی دوژمنکارانە لە کۆیە کردووە، کە هیچ خزمەتگوزارییەکی بەردەوام پێشکەش بە شارۆچکەی تەقتەق نەکەن، ئەمەش وەك ڕێخۆشکردنێك بۆ ڕووخاندنی (محافظة اربيل- لجنة مكافحة النشاط المعادي، ١/٢١/ ١٩٨٩). بۆ ئەو مەبەستەش لە ٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩٨٩ دا پارێزگای هەولێر ڕەزامەندی نووسینگەی ڕێکخستنی باکووری بەدەستهێنا (محافظة اربيل- لجنة مكافحة النشاط المعادي، ٢/١٢/ ١٩٨٩). بەڵام لێژنەی کاروباری باکوور لە نووسراوێکدا لە ٢٤ی ئایاری ١٩٨٩ دا بۆ پارێزگای هەولێر ئاگاداری کردوونەتەوە، کە بڕیار دراوە شارۆچکەکە وێران نەکرێت (لجنة شؤون الشمال، ٥/٢٤/ ١٩٨٩). بەم شێوەیەش شارۆچکەکە وێران نەکرا و جارێکی دیکە ئاوەدانی و خزمەتگوزارییەکانی بۆ گەڕایەوە.

شایانی ئاماژەپێدانە جگە لە پێشکەشکردنی پێشنیاز بۆ ڕووخاندنی شارۆچکەکان، بەرپرسانی شارۆچکەی کۆیە، پێشنیازی وێرانکردن و سڕینەوەی هەندێك گەڕەکی ناو شاری کۆیەیەشیان کردووە. لەم چوارچێوەیەشدا لە ١٠ی کانوونی دووەمی ١٩٨٩ دا لە کۆبوونەوەیەکی لێژنەی نەهێشتنی چالاکی دوژمنکارانە لە کۆیە بڕیاردراوە گەڕەکەکانی (حەمامۆك و ئازادی و سەعدوناوە و شەوگێڕ) وێران بکرێن. ئەمەش لەبەرئەوەی بە بەردەوامی پێشمەرگە هاتوچۆی ئەو گەڕەکانەیان کردووە و شوێنی دابینکردنی ئازووقە و کەلوپەلە پێویستییەکانیان بووە. هەروەها هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردراوە بە تێکدان و دەستبەسەرداگرتنی خانووی ئەو پێشمەرگانەی شارۆچکەی کۆیە، کە تا ئەو کاتە خۆیان ڕادەستی حکومەت نەکردووەتەوە (لجنة مكافحة النشاط المعادي في كويسنجق، ١/١٦/ ١٩٨٩).

## ئەنجام

١- گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە بایەخی ئابوورییان لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر و باشووری کوردستان هەبووە. بەتایبەتی لەڕووی کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە. تووتن گرنگترین بەرهەمی کشتوکاڵی گوندەکانی شارۆچکەکە بووە. بەشێوەیەك نزیکەی (٣٠%)ی تووتنی باشووری کوردستانی لێ بەرهەمهاتووە. بۆیە ڕووخاندنی ئەو گوندانە، کاریگەری نەرێنی لەسەر ئابووری ناوچەکە هەبووە.

٢- لە بەڵگەنامە فەرمی و نهێنییەکانی حکومەتدا هۆکاری سەرەکی وێرانکردنی گوندەکانی شارۆچکەکە گەڕێندراوەتەوە بۆ بوونی هێزەکانی پێشمەرگە لەو گوندانەدا، کە شوێنی حەوانەوە و سەرچاوەی خۆراکیان بووە و کەلوپەلە پێویستییەکانیان لێ دابینکردووە. بەڵام ئەمە تەنیا بیانوو بووە و هۆکاری سیاسی و ئابووری لە پشتەوە بووە.

٣- هەر لە ساڵی (١٩٦٣)ەوە بەشێك لە گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە لەلایەن حکومەتی بەعسەوە ڕاگوێزراون و وێرانکراون. بەڵام لە ساڵی ١٩٨٧ پرۆسەکە گشتگیر بوو و گەیشتە چڵەپۆپە. لەم ساڵەدا ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی شارۆچکەکە بە دوو قۆناغ ئەنجامدراوە، قۆناغی یەکەم لە ٢١ی نیسان تا ٢٠ی ئایاری خایاندووە. کە بەپێی پلانەکە دەبوو (٢٦) گوند وێران بکرێن، بەڵام زیاتر لە (٤٢) گوند کاولکران. قۆناغی دووەم لە ٢١ی ئایار تا ٢٠ی حوزەیران بووە. لەو ماوەیەشدا (٨٦) گوند وێران کران.

٤- بەر لە دەستپێکردنی پرۆسەی وێرانکردن، ژمارەی خانووی گوندەکان و سەرژمێری گشتی دانیشتوان و پۆلێنکردنیان لەسەر بنەمای لایەنگر، یا نەیاری حکومەت لە بەڵگەنامە فەرمییەکاندا نووسراوە و کاتی وێرانکردنی گوندەکانیش بە کامێرای ڤیدیۆ تۆمارکراوە.

٥- جگە لە یەکە سەربازییەکان، فەوجەکانی جاش، کە کورد بوون، ڕۆڵی سەرەکییان لە پرۆسەی وێرانکردنی گوندەکاندا هەبووە و پارێزگارییان لەو شۆفڵ و ئامێرانە کردووە، کە گوندەکانیان تێکداوە. هەروەها ڕووبەڕووی ئەو هێزانەی پێشمەرگە بوونەتەوە، کە هەوڵیان داوە پرۆسەی وێرانکردنی گوندەکان ڕابگرن.

٦- دوای هەڵوەشانەوەی هەردوو شارەدێی (شۆڕش و تەقتەق)ی شارۆچکەی کۆیە، چەندین پێشنیاز لەلایەن دەزگا ئەمنی و سەربازی و کارگێڕییەکانی حکومەت کراوە بۆ وێرانکردنی هەردوو شارەدێیەکە، بەڵام لە کۆتاییدا (نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور) بڕیاری وێراننەکردنی داوە و وەك خۆیان ماونەتەوە. هۆکارەکەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە لەکۆتایی هەشتاکاندا چالاکییەکانی پێشمەرگە لە ناوچەکەدا تاڕادەیەك لاواز بووە و مەترسی لەسەر دەزگا حکومییەکان کەمتر بووەتەوە.

٧- وێڕای ئەوەی حکومەت وێرانکردنی گوندەکانی بەچڕی ئەنجامداوە، بەڵام بەشێك لە گوندنشینەکان ڕووبەڕووی ئاڵنگارییەکان بوونەتەوە و بە ئاسانی شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان چۆڵنەکردووە، بەمەش توانیویانە لە هەندێك شوێندا پارێزگاری لە مانەوەی خۆیان بکەن.

**سەرچاوەکان:**

**١-بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان**

**أ/ بەڵگەنامەکانی پارێزگای هەولێر:**


-المديرية العامة للتربية في محافظة اربيل، (٤/٨/ ١٩٨٥)، الموضوع: دوام المدارس، العدد/ ٤٢٩.

- مديرية أمن محافظة اربيل، مديرية الامن العامة، (٤/١٦/ ١٩٨٥)، الموضوع: دوام المدارس، العدد/ ١٨٠١.

- محافظة اربيل-اللجنة الامنية، (١١/١٦/ ١٩٨٥)، برقية سرية وفورية الى مكتب تنظيم الشمال-التأميم، رقم المنشيء/ ٢٥٨٢.

- مقر قيادة قوات/ ٤١، الاركان العامة، الاستخبارات، (٢/١١/ ١٩٨٦)، سري وشخصي، الموضوع: اقتحام القرى التي تحت تأثير المخربين، العدد/ أ س/١/ ١/ ١٠٠.

- محافظة اربيل-اللجنة الامنية، (٣/١٣/ ١٩٨٦)، الموضوع: مدارس موقوفة الدراسة، العدد/ ١٠٤٦.

- حزب البعث العربي الاشتراكي القطر العراقي- قيادة فرع اربيل، (٢/١٧/ ١٩٨٧)، سري وشخصي، الموضوع: معلومات، العدد/ ٣٨/ ١٩٥٥.

- اللجنة الامنية في محافظة اربيل، (٣/١٧/ ١٩٨٧)، برقية سرية وفورية الى فل١/فل٥، العدد/ ١٠٤٦. ، ٣/١٧/ ١٩٨٧.

- محافظة اربيل-الشؤون الداخلية، (٣/٢٣/ ١٩٨٧)، برقية سرية وفورية الى وزارة الداخلية - مديرية الامور السرية والسياسية، رقم المنشيء/ ١١٩٠.

- محافظة اربيل-الشؤون الداخلية، (٤/٨/ ١٩٨٧)، برقية سرية وفورية الى وزارة الداخلية - مديرية الامور السرية والسياسية، رقم المنشيء/ ١٢٠٤.

- محافظة اربيل-اللجنة الامنية، (٤/٩/ ١٩٨٧)، سري وشخصي، الموضوع: طلب اسماء قرى، العدد/ ١١٦٣.

- مديرية بلديات محافظة اربيل، (٤/١٩/ ١٩٨٧)، سري، العدد/ ١٢٢.

- قيادة الفيلق الخامس، الاركان العامة، الحركات، (٤/٢١/ ١٩٨٧)، سري للغاية، محضر المؤتمر المنعقد في مقر الفيلق الخامس بالساعة ١٠:٢٥ يوم ١٣ نيسان ١٩٨٧، الرقم/ ١/ ح٢/ ١١/ ٦٦١٩.

- مديرية امن محافظة اربيل، (٤/٢٢/ ١٩٨٧)، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل-اللجنة الامنية، رقم المنشيء/ ٢٩٤٥.

- مكتب تنظيم الشمال (٢٥/٤/ ١٩٨٧)، برقية سرية وفورية، العدد/ ٤٢٥/٣٠٧٦.
- محافظة اربيل-اللجنة الامنية، (٢٨/٤/ ١٩٨٧)، برقية سرية وفورية الى قيادة فيلق الخامس وقيادة مكتب تنظيم الشمال، رقم المنشيء/ ١٥١١.
- الامانة العامة لادارة شؤون الاوقاف، (٤/٥/ ١٩٨٧)، مديرية الاوقاف والشؤون الدينية لمحافظة اربيل، شعبة المساجد والعتبات، سري، الموضوع: امر اداري، العدد/ ٢٩/١٠٣.
- آمرية مواقع قيادة قوات الرشيد، الحركات، (١٣/٥/ ١٩٨٧)، سري وشخصي وعلى الفور، الموضوع: ترحيل وتهديم القرى، العدد/ ح٢٢/ ٢٠٠.
- قيادة مكتب تنظيم الشمال، (٢٠/٥/ ١٩٨٧)، برقية سرية وفورية، رقم المنشيء/ ٣٣٢٦.
- قيادة الفيلق الخامس، الاركان العامة، الحركات، (٢٤/٥/ ١٩٨٧)، سري للغاية، محضر المؤتمر المنعقد في مقر الفيلق الخامس بالساعة ١١ ليوم الاحد الموافق ١٠ ايار ١٩٨٧، العدد/ ح٢/ ١١/ ٨٦٢٤.
- المنشأة العامة لدواجن المنطقة الشمالية، (٤/٧/ ١٩٨٧)، سري للغاية وعلى الفور، الموضوع: مشروع طق طق، العدد/ ٤٦٣.
- محافظة اربيل-اللجنة الامنية، (١/٨/ ١٩٨٧)، سري و شخصي، الموضوع: بيان رأي، العدد/ ٢٨٠٤.
- منظومة استخبارات المنطقة الشمالية، مديرية الاستخبارات العسكرية العامة، (٣/٨/ ١٩٨٧)، الموضوع: بيان رأي، الرقم/ ش٣/ق٣/ ١٣٠٩.
- مديرية امن محافظة اربيل، (١٦/٨/ ١٩٨٧)، الموضوع: معلومات، العدد/ ٨٩٩٨.
- مديرية امن اربيل، (٢٣/٨/ ١٩٨٧)، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل-اللجنة الامنية و قيادة فرع اربيل للحزب القائد، رقم المنشيء/ ش.ش٣/٩٧٥٧.
- قيادة فرع اربيل، حزب البعث العربي الاشتراكي-القطر العراقي، (٢/٩/ ١٩٨٧)، الموضوع: بيان رأي، العدد/ ١١١١٨/٥٥.
- المنشأة العامة لدواجن المنطقة الشمالية/ اربيل (١٣/٩/ ١٩٨٧)، الموضوع: مشروع طق طق، العدد/ ٤٦٣.
- محافظة اربيل-اللجنة الامنية، (١٥/٩/ ١٩٨٧)، برقيه سرية وفورية، رقم المنشيء/ ٣٣٥٧.
- قائمقامية قضاء مركز اربيل، (١٧/٩/ ١٩٨٧)، المراسلات السرية، الموضوع: معلومات، العدد/ ٢٧.
- الفيلق الخامس، (١٠/١٠/ ١٩٨٧)، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل-اللجنة الامنية، رقم المنشيء/٢/ح/ ١٢.

- قيادة الفيلق الاول، الامن الداخلي، (١٠/١٣/ ١٩٨٧)، الموضوع: تأمين حماية، الرقم/ ح/ ١٩/ ٥٨٨.
- قيادة مكتب تنظيم الشمال، مكتب السكرتارية، (١٠/١٩/ ١٩٨٧)، الموضوع: ازالة قصبة طق طق، العدد/ ٦٢٥٧.
- مديرية امن محافظة اربيل، (١١/١٣/ ١٩٨٧)، سري، الموضوع: بيان رأي، العدد/ ١٤٩٩٨.
- منظومة استخبارات المنطقة الشمالية، (١٦/ ١١/ ١٩٨٧)، رئاسة الجمهورية، السكرتير، مديرية الاستخبارات العسكرية العامة، الموضوع: بيان رأي، الرقم/ ش٣/ ق٣/ ٢٠٠٨.
- المديرية العامة لتربية محافظة اربيل، (١١/٢٨/ ١٩٨٧)، سري، الموضوع: متوسطة ديكلة، العدد/ س/١٨٨٨.
- محافظة اربيل-لجنة مكافحة النشاط المعادي، (١/٣/ ١٩٨٨)، برقية سرية وفورية الى قيادة مكتب تنظيم الشمال، رقم المنشيء/ ٦٦٦٣.
- محافظة اربيل-اللجنة الامنية، (٦/٢/ ١٩٨٨)، سري و شخصي، الموضوع: ازالة ناحية طق طق، العدد/ ٤١١٩.
- قائمقامية قضاء مركز اربيل، (٦/١٨/ ١٩٨٨)، الموضوع: قصبة شورش، الرقم/ ٥٠٢/٦٩.
- مديرية امن محافظة اربيل، (١٠/٢٢/ ١٩٨٨)، سري، الموضوع: ازالة قصبة شورش، العدد/ ش.ت. ١٥٩٣٣.
- لجنة استلام وايواء الحيوانات المهربة، (١١/١/ ١٩٨٨)، الموضوع: مواشي مهربة، العدد/ ١٠٧.
- محافظة اربيل-لجنة مكافحة النشاط المعادي، (١١/٢/ ١٩٨٨)، الموضوع: ازالة قصبة شورش (حاليا قرية ديكلة)، العدد/ ٧٧٧٣.
- قيادة مكتب تنظيم الشمال، (١١/١٤/ ١٩٨٨)، برقية سرية وفورية، رقم المنشيء/ ٣٧٢٤.
- محافظة اربيل- لجنة مكافحة النشاط المعادي، (١/٢١/ ١٩٨٩)، سري و شخصي، الموضوع: محضر اجتماع، العدد/ ٣٧٩.
- محافظة اربيل- لجنة مكافحة النشاط المعادي، (٢/١٢/ ١٩٨٩)، سري و شخصي، الموضوع: ازالة قصبة طق طق، العدد/ ٨١٨.
- لجنة شؤون الشمال، مجلس قيادة الثورة، (٥/٢٤/ ١٩٨٩)، سري و شخصي، الموضوع: ازالة ناحية طق طق، العدد/ ٤٠٨٦.

**ب/ بەڵگەنامەکانی قایمقامییەتی شارۆچکەی کۆیە:**

- اللجنة الامنية في كويسنجق، (٨/٨/ ١٩٨٥)، الموضوع: اجابة، سري للغاية، العدد/ لجنة/ ٨.
- اللجنة الامنية في كويسنجق، (١١/٣/ ١٩٨٥)، سرية وفورية، العدد/ ١٠٧.
- اللجنة الامنية في كويسنجق، (١٢/٥/ ١٩٨٦)، الموضوع: ارسال قوائم، سري و شخصي، العدد/ ٦٩٢.
- قائمقامية قضاء كويسنجق، (٤/١٦/ ١٩٨٧)، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل-اللجنة الامنية، العدد/ ١٢٤.
- اللجنة الامنية في كويسنجق، (٤/٢٠/ ١٩٨٧)، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل-اللجنة الامنية، رقم المنشىء/ ٢٣٥.
- قائمقامية كويسنجق، (٤/٢٢/ ١٩٨٧)، سري، العدد/ ١٣٩.
- قائمقامية كويسنجق، (٤/٢٣/ ١٩٨٧)، سري، العدد/ ١٤٢.
- قائمقامية كويسنجق، (٤/٢٤/ ١٩٨٧)، سري، العدد/ ٥٥.
- قائمقامية كويسنجق، (٤/٢٥/ ١٩٨٧)، سري، العدد/ ١٥٣.
- قائمقامية كويسنجق، (٤/٢٥/ ١٩٨٧)، سري، العدد/ ١٥٥.
- قائمقامية كويسنجق، (٤/٢٧/ ١٩٨٧)، سري، العدد/ ١٦٧.
- قائمقامية كويسنجق، (٤/٢٩/ ١٩٨٧)، سري، العدد/ ٣٣.
- اللجنة الامنية في كويسنجق، (٤/٢٩/ ١٩٨٧)، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل-اللجنة الامنية، رقم المنشىء/ ٢٤٦.
- قائمقامية كويسنجق، (٤/٢٩/ ١٩٨٧)، سري، العدد/ ٣٣.
- قائمقامية كويسنجق، (٤/٣٠/ ١٩٨٧)، سري، العدد/ ٣٩.
- مديرية ناحية شورش، ٤/٣٠/ ١٩٨٧، برقية سرية الى محافظة اربيل- الجنة الامنية، العدد/ ٤٢.
- قائمقامية كويسنجق، (٥/٢/ ١٩٨٧)، سري، العدد/ ١٨١.
- اللجنة الامنية في كويسنجق، (٥/٤/ ١٩٨٧)، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل/ قوة دارمان، العدد/ ٥/٤/ ١٩٨٧.
- اللجنة الامنية في كويسنجق، (٥/٧/ ١٩٨٧)، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل- اللجنة الامنية، رقم المنشيء/ ٢٦٦.
- قائمقامية كويسنجق، (٥/٩/ ١٩٨٧)، سري، العدد/ ٨٢.
- قائمقامية كويسنجق، (٥/١١/ ١٩٨٧)، سري، العدد/ ١٩٥.

- اللجنة الامنية في كويسنجق، (١١/٥/ ١٩٨٧)، سري وشخصي، الموضوع: خطة مسح القرى، العدد/ ٢٨٤.
- اللجنة الامنية في كويسنجق، (١٢/٥/ ١٩٨٧)، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل- اللجنة الامنية، رقم المنشيء/ ٢٦١.
- اللجنة الامنية في كويسنجق، (٢١/٥/ ١٩٨٧)، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل- اللجنة الامنية، رقم المنشيء/٢٧١.
- اللجنة الامنية في كويسنجق، (٢١/٥/ ١٩٨٧)، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل-اللجنة الامنية، رقم المنشيء/ ٣٣٥.
- اللجنة الامنية في كويسنجق، (١١/٦/ ١٩٨٧)، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل-اللجنة الامنية، رقم المنشيء/ ٤١٠.
- اللجنة الامنية في كويسنجق، (١٣/٨/ ١٩٨٧)، سري وشخصي، الموضوع: خطة مسح القرى، العدد/ ٢٩٨.
- لجنة مكافحة النشاط المعادي في كويسنجق، (٩/١١/ ١٩٨٨)، سري و شخصي، الموضوع: محضر اجتماع، العدد/ لجنة/ ٢٠٥.
- لجنة مكافحة النشاط المعادي في كويسنجق، (١٦/١/ ١٩٨٩)، سري و شخصي، الموضوع: محضر اجتماع، العدد/ ١١ .

**٢- بڵاوكراوە حكومييەكان:**

- الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة (د. س)، المجموعة الإحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧، لوائي الموصل واربيل، مطبعة الإرشاد، بغداد.
- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، دائرة الإحصاء المركزي (١٩٦١)، نتائج الإحصاء الزراعي والحيواني في العراق لسنة ١٩٥٨-١٩٥٩، مطبعة الحكومة، بغداد.
- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء (١٩٧٣)، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٦٥، مطبعة الجهاز المركزي للإحصاء، بغداد.
- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء (١٩٧٨)، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧ لمحافظة اربيل، بغداد.

**٣- كتێبەكان:**

**أ/ بەزمانی كوردی**

- تەیب، جەمال فەتحوڵا (٢٠٠٨)، كۆیە ١٩١٨-١٩٥٨ لێكۆڵینەوەیەكی مێژووییە، چ٢، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

- حویزی، طاهر احمد (١٩٨٤)، مێژووی کۆیە یا کۆیسنجق، ب٢، چاپخانەی نمیر، بەغدا.
- دڵزار، ئەحمەد (١٩٩٤)، بیرەوەری ڕۆژانی ژیانم، ب٣، ستۆکهۆڵم.
- صاڵح، شیلان تاهیر (٢٠٠٨)، کۆیە لەنێوان ساڵانی ١٩٥٨-١٩٧٥ز. دا (توێژینەوەیەك لە بارودۆخی سیاسی)، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی کۆیە، کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتییەکان.
- عثمان، بورهان حاتم (٢٠١٩)، بارودۆخی ئابووریی هەولێر لەنێوان ساڵانی ١٩٥٨-١٩٧٥ لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، تێزی دکتۆرا (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، کۆلێژی ئاداب.
- کۆیی، هۆشیار محەمەد ئەمین (٢٠٠٩)، کۆیە لە ساڵی ١٩٦٣ دا، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، ب٤، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان.
- مینە، ئەمین قادر (٢٠١٢)، ئەمنی ستراتیجیی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان: تەرحیل، تەعریب، تەبعیس، سلێمانی.
- نێروەیی، عەلی تەتەر (٢٠١٠)، سیاسەتی حکوومەتی عێراق لە کوردستان لە سایەی بەڵگەنامە فەرمییەکاندا ١٩٧٥-١٩٩١، بەرگی دووەم، چاپخانەی زانکۆی دهۆك، دهۆك.

**ب/ بە زمانی عەرەبی:**

- قادر و جامباز، جبار و طارق (٢٠١٣)، قرارات مجلس قیادة الثورة المنحل الخاصة بالکورد وکوردستان، مطبعة الحاج هاشم، اربیل.
- الخرسان، صلاح (٢٠٠١)، التیارات السیاسیة في کردستان العراق/ قراءة في ملفات الحرکات والاحزاب الکردیة في العراق ١٩٤٦-٢٠٠١، مؤسسة البلاغ للطباعة والنشر والتوزیع، بیروت.
- خصباك، شاکر (١٩٧٣)، العراق الشمالي/ دراسة لنواحیه الطبیعیة والبشریة، مطبعة شفیق، بغداد.

**٤- وتار و لێکۆڵینەوەکان:**

- محەمەد، خەلیل ئیسماعیل (هاوینی ١٩٩٩)، گۆڕینی نەخشەی ئیداری پارێزگای هەولێر لە ماوەی نیو سەدەدا، هەولێر (گۆڤار)، هەولێر، ژ (٣).
- عەبدوڵلا، سلێمان (حوزەیرانی ١٩٩٩)، ڕاگواستنی گوندنشینەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، سەنتەری برایەتی (گۆڤار)، هەولێر، ژ (١٢).

## پاشکۆی بەڵگەنامەکان

### پاشکۆی ژمارە (١)

پێشنیازی فەیلەقی دووی سوپای عێراق بۆ وێرانکردنی شارەدێی (شۆڕش)



سريه وفوريه — وقت الانشاء — ويومه

من / ف ل ٥ ( ش آ د )

الى / محافظه اربيل ـ اللجنه الامنيه

و / ق ق جح د و / ٥

رقم المنش / ٢ / ح / ١٢ /

( ٠ ) لوقوع قصبه شورش في منطقه تهديد من قبل المخربين ولالغاء الناحيه وعدم الاستفاده منها بما يخدم الجانب العسكري والاقتصادي نرتاي الموافقه على هدمها

( ٠ ) يرجى الاطلاع واعلامنا مع التقدير ( ٠ ) ق ق جح د و / ٥ ( ٠ ) رسالتكم سريه وفوريه ١٦٤٥ في ٩/٤ ٠

اللواء الركن

ع / قائد الفيلق الخامس

## پاشکۆی ژمارە (٢)

پێشنیازی بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی عێراق بۆ وێرانکردنی شارەدێی (شۆڕش)



بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الاستخبارات العسكرية العامة
منظومة استخبارات المنطقة الشمالية
الرقم / ش٣/ ق٣/ هـ-٥٠
التاريخ ٦/ ت٢/ ١٩٨٧

سري وشخصي

الى / محافظة اربيل ــ اللجنه الامنيــــه
الموضوع / بيان رأي

كتابكـم ٤٣٢٨ فـــي ٨ ت٢ ٨٧

١. نؤيـد مقترح هدم القصبـه المذكوره لتردد المخربيـن اليها بأستمرار وقيامهم بنصب سيطرات على مقربه منهــا يومياً وذلك لضعف السيطره عليها من قبل قطعاتنا .

٢. تعتبر القصبه المذكوره احد مصادر زمر التخريب فـــي الحصول على المواد الغذائيه ومستلزماتهم الأخرى .

يرجى التفضل بالاطلاع ... مع التقديـــر

العقيد الركن
مدير منظومة استخبارات المنطقة الشماليـــه

**پاشکۆی ژمارە (٣)**

سازدانی کۆڕ و کۆبوونەوە لەگەڵ گوندنشینەکانی (شێخەلوان وگۆپتەپە و تەکەور) بەمەبەستی ڕاگواستنیان


اجراءات كويسنجق

الى/ محافظة اربيل / اللجنة الأمنية
من/ قائممقامية قضاء كويسنجق

العدد ١٤٤ التاريخ ١٩٨٧/٤/١٦

الحاقاً لبرقيتنا ١١٨ في ١٩٨٧/٤/١٠ تم عقد ندوات للقرى المدرجة أدناه لشرح التوجيهات الخاصة بالترحيل للتفضل بالاطلاع مع التقدير.

القرى:
١- شيخ ألوان
٢- گوپتپة
٣- تكور

**پاشکۆی ژمارە (٤)**

وێرانکردنی هەردوو گوندی (پیرەر و گۆمەشین)


محافظة اربيل
المراسلات السرية
العدد ٢٤٠٦٦٧
التاريخ ٢٥/٤/١٩٨٧

الى / محافظة اربيل / المراسلات السرية
من / قائمقامية كويسنجق
العدد ١٥٢
٤/٢٥

تم هدم قرية بيره وقسم من قرية گومه شين للتفضل بالعلم مع التقدير

٩٦/٦

٢٠٥٧
٤/٢٥


محافظة اربيل
المراسلات السرية
العدد ٢٤٠٦٦
التاريخ ٢٥/٤/١٩٨٧

السري

الى / محافظة اربيل / المراسلات السرية
من / قائمقام كويسنجق
العدد ١٥٥
٤/٢٥

الموقف ليوم ٢٤/٤/١٩٨٧ تم هدم القسم الباقي لقرية گومه شين للتفضل بالعلم مع التقدير

٩٦/٦

٢٠٥٨
٤/٢٥

**پاشکۆی ژمارە (٥)**

وێرانکردنی گوندەکانی (ئێلنجاغی گەورە و ئێلنجاغی گچکە و مەرزان)



محافظة اربيل
المراسلات السرية
العدد ٢٥٥٥٨
التاريخ ٤/٢٧

الى / محافظة اربيل / المراسلات السرية
من / قائممقام كويسنجق
العدد ١٦٧

الموقف ليوم ١٩٨٧/٤/٢٦ تم هدم قرية ايلنجاغ الكبير والصغير ومرزان للتفضل بالعلم مع التقدير

٤/٢٧

**پاشکۆی ژمارە (٦)**

وێرانکردنی هەردوو گوندی (گۆمەتاڵ و سماق شیرینی گەورە)



الى / المنظمة / اللجنة الامنية

م / مدير ناحية شورش

محافظة اربيل
المراسلات السرية
العدد ...
التاريخ / ٥ / ١٩٨٧م

بتاريخ ٢٠/٤ تم تهديم القرى گومتال وسماقه شيرينه كبيره العائدة لناحية شورش للنظر بالامر مع التقدير.

**پاشکۆی ژمارە (٧)**

پێکهێنانی لێژنەیەك بۆ کۆکردنەوەی کەلوپەلی مزگەوتەکانی شارۆچکەی (کۆیە)

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية

الامانة العامة لادارة شؤون الاوقاف
مديرية الاوقاف والشؤون الدينية
لمحافظة اربيــــل
شعبة المساجد والعتبات

العدد ٢٩/١٠٢
التاريخ ٤/ ١٩٨٧/٥

((( ســـــري )))

امـــر اداري
===========

٩٦/٩
٢٧١٠ و
٥/١١

يشكل لجنة من السادة المدونة اسماؤهم وعناوينهم ادناه لسحب اثاث جوامع ومساجد القرى المحذورة بالتنسيق مع الوحدة الاداريه .....

| | الاســــــم | عنـوان الوظيفــــة |
|---|---|---|
| ١ـ | السيد فقي علي اسماعيــل | امام جامع الكبير في كويسنجق |
| ٢ـ | = طيب محمد بهاء الدين | = = بايزاغا في كويسنجق |
| ٣ـ | = حسن حمد مــــرو | = = سيباغ في كويسنجق |

انــور طاهــر محمــد
مدير الاوقاف والشؤون الدينيــــــة
لمحافظـــة اربيــل

نسخة منه الى /
الامانة العامة لادارة شؤون الاوقاف /للتفضل بالعلم مع التقدير .
محافظة اربيل / اللجنة الامنيــة / كتابكم السري المرقم ١٦٢٨ فــي ١٩٨٧/٥/٢٠ للتفضل بالعلم مع التقدير .
قائمقامية قضاء كويسنجق / راجين ابداء المساعدة مع اللجنة اعلاه مع التقدير .

السادة رئيس واعضاء اللجنة للعلم وسحب الاثاث وجمعها في جامع الكبير في كويسنجق وتقديم المستندات عن اجرة نقل الاثاث من القرية الى مركز القضاء ليتسنى لنا صرفها لكم ....

## پاشکۆی ژمارە (٨)

لارینەبوونی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر بۆ وێرانکردنی شارەدێی (شۆڕش)

بسم الله الرحمن الرحيم

سـري

الجمهورية العراقية
وزارة الداخلية
مديرية الامن العامة
مديرية أمن محافظة اربيـــل
ـ ش ٠ س ٠ ت ـ

العدد ١٢٩٩٨
التاريخ ١٢/١١/١٩٨٧

الى / محافظة اربيل ـ اللجنه الامنية

م : بيان رأى

كتابكم ٤٣٢٨ فـي ٨/١١/١٩٨٧

لامانع لدينا من هدم قصبة شورش قدر تعلق الأمر بنا . للتفضل بالعلم ... مع التقدير .

مدير أمن محافظة اربيـل

**پاشکۆی ژمارە (٩)**

پێشنیازی پارێزگای هەولێر بۆ ڕاگواستن و وێرانکردنی شارەدێی (شۆڕش)

الجمهورية العراقية

« الشهداء اكرم منا جميعا »

العدد / ٢٨٨٧

التاريخ/ / ١١ / ٩٨٨

محافظة اربيل

لجنة مكافحة النشاط المعادي

« سري وشخصي »

الى :

قيادة مكتب تنظيم الشمال / السكرتيرية

م/ ازالة قصبة شورش ( حالياً قرية ديكه )

---

برقيتكم ٢٩٩٦ في ٩٨٨/١٠/٥

بتاريخ ٩٨٨/١٠/٣١ تم عرض موضوع ترحيل اهالي قصبة شورش ( حالياً قرية ديكه ) التابعه الى قائممقامية قضاء مركز اربيل في اجتماع لجنتنا وبعد تبادل وجهات النظر ، تم الاتفاق بالاجتماع على اقتراح ترحيل اهالي القصبه واسكانهم في المدينه الجديدة ( باسرمه ) للاسباب المشار اليها بموجب كتابنا ٥٥٠٥ في ١٩٨٨/٨/١٦ ( البند ( سابعاً ) .

راجين التفضل بالاطلاع واعلامنا .... مع التقدير .

يحيى محمد رشيد

محافظ اربيل

رئيس لجنة مكافحة النشاط المعادي

## الملخص

## عملية ترحيل وهدم قرى قضاء كويسنجق
## سنة ١٩٨٧ دراسة وثائقية

في عام ١٩٨٧ بدأت عملية ترحيل وهدم القرى في كوردستان الجنوبية من قبل حكومة البعث في بغداد، وفي إطار هذه العملية تم هدم قرى قضاء كويسنجق وترحيل سكانها. تطرق هذا البحث، وبالاستناد الى وثائق رسمية عراقية غير منشورة الى عملية ترحيل وهدم (١٢٨) قرية في القضاء المذكور. وتناول البحث أسباب تلك العملية وخطة الترحيل والهدم في النواحي الثلاث التي كان يتألف منها قضاء كويسنجق وهي (مركز القضاء، ناحية شورش وناحية طق طق). وتم التطرق بالتفصيل إلى عملية الترحيل والهدم في عام ١٩٨٧ لقرى القضاء المذكور، التي نفذت في مرحلتين مختلفتين: المرحلة الاولى من ٢٠ نيسان الى ٢٠ ايار، والتي هدمت خلالها (٤٢) قرية. والمرحلة الثانية من ٢١ ايار الى ٢٠ تموز وتم فيها هدم (٨٦) قرية. وفي جانب آخر من البحث تم تسليط الضوء على الغاء ناحيتي شورش و طق طق ضمن قضاء كويسنجق والاقتراحات والقرارات التي قدمت من قبل المسؤولين الحكوميين والامنيين والعسكريين لهدم الناحيتين، والتي لم تكن قد نفذت بعد.

## Abstract

### The Process of Transferring and Demolishing the Villages of Koya District in 1987 (A documentary study)

In 1987, a process of deportation and demolition of villages in southern Kurdistan was started by the Ba'ath government in Baghdad, and within the framework of this process, the villages of Koysinjaq district were demolished and their residents were deported. This research has touched on the deportation and demolition of 128 villages, based on unpublished official Iraqi documents. The research deals with the reasons for that operation and the plan of deportation and demolition in the three areas that made up the Quesanjaq district, namely (the district center, Shorsh sub-district and TaqTaq sub-district). The deportation and demolition process in 1987 of the aforementioned district's villages are discussed in detail, which was carried out in two different stages: the first phase from April 20 to May 20, during which (42) villages were demolished. And the second phase, from May 21 to July 20, in which 86 villages were demolished. In another aspect of the research, the spotlight is shed on the cancellation of the Shorsh and TaqTaq sub-districts within the Koysinjaq district, and the proposals and decisions presented by government, security and military officials to demolish both areas, which were not implemented.